گەشتێك لەگەڵ
سەلەف



نووسینی :
ڕابەست خالید قەڵادزەیی

گەشتێک لەگەڵ سەلەف

نووسینی :
ڕابەست خالید قەڵادزەیی

ناوی کتێب: گەشتێک لەگەڵ سەلەف
نووسینی : ڕابەست خالید قەڵادزەیی
دیزاین : بلال بکر سید غریب (٠٧٥٠٧٦٠٦٠٠٦)
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن :



{پێشەکی}

{إِنَّ الْحَمْدَ لِلـهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِينُهُ وَنَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِاللـهِ مِـنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَـا، مَـنْ يَهْدِهِ اللـهُ فَـلاَ مُضِـلَّ لَـهُ، وَمَـنْ يُضْلِـلْ فَـلاَ هَـادِيَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللـهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيـكَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا عَبْـدُهُ وَرَسُـولُهُ}.

أَمَّا بَعْدُ:

پێویسـتە ئینسـان هەمیشـە بـەدوای باشـترین و چاکتریـن بکەوێـت بـۆ ئـەوەی بتوانێـت سـەرکەوتن بەدەسـت بێنێـت هـەم لەدونیـا و هـەم لەقیامـەت، هـەر وەک (اللـه تعالـی) دەفەرمـوێ: [الَّذِيـنَ يَسْـتَمِعُونَ الْقَـوْلَ فَيَتَّبِعُـونَ أَحْسَـنَهُ أُولَئِـكَ الَّذِيـنَ هَدَاهُـمُ اللَّـهُ وَأُولَئِـكَ هُـمْ أُولُـو الْأَلْبَـابِ (١٨)].(الزمـر).

واتـە: (ئەوانـەی گـوێ بـۆ قسـەو گوفتـار دەگـرن و پەیـڕەوی چاکترینـی دەکـەن، ئـا ئەوانـە کەسـانێکن کـە خـوا هیدایـەت و ڕێنموویـی کـردوون، ئەوانـە خاوەنـی عەقـڵ و ژیـری و بیروهۆشـن).

سوفیانی ثەوری فەرموویەتی:

(پێشتر خەڵك كە بەیەك دەگەیشتن سودیان بەیەك دەگەیاند، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە ڕۆشتوە وانەماوە ڕزگاریی لە وازلێهێنانیانە لەوەی دەیبینین).

(الجرح والتعديل ١/٨٧).

بۆیە هەر بەڕاستی ڕۆژگاری ئەمڕۆ پێویستی بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ئەم سێ قەڕنەی کە پێغەمبەر(صل الله عليه وسلم)شایەتیان بۆ داوە کە باشترینی ئەم ئوممەتەن، وتە و کردارەکانیان جێگای وورد بوونەوە و جێگای کارپێکردنیانە لەئێستادا، چونکە هەر بەجددی ئەم سەردەمە سەردەمی فیتنە و فەسادە گەر زۆر ئاگاداری خۆت نەبیت لەم جەنجاڵی فیتنە و فەسادە، ئەوە بەڕێگایەکی زۆر ئاسان فریو دەدرێیت، چونکە ڕێگایەکانی چوون بەرەو بەرنامەی شەیطانی گەلێ زۆرن!

جیاوازی نێوان وتەی سەلەف و وتەی ئێمە:

(وترا بەحەمدونی کوڕی ئەحمەدی قەصار بۆچی وتەی سەلەف بەسودترە لە وتەی ئێمە؟

فەرمووی: لەبەر ئەوەی ئەوان قسەیان دەکرد بۆ عیزەتی ئیسلام، وە ڕزگارکردنی نەفسەکان، وە ڕازی کردنی ڕەحمان.

بەڵام ئێمە قسە دەکەین بۆ عیزەت کردنی نەفس،

وە داواکردنی دونیا، وە ڕازی کردنی مەخلوق).

(اعمال القلوب صـ ٢٥).

ئینجا داواکارم له(اللـه تعالی)کـەوا نیـازم صـاف بـکات لەنوسـینی ئـەم کتێبـە، و بـۆ ڕەزەمەنـدی و جێـگای قەبـووڵ بوونـی خـۆی بێـت، وە جێـگای سـوودمەندی ئێـوەی ئازیـز بێـت.
وە هیـوادارم نووسـینەکانم یەکەمجـار ببێتـە پەنـد و ئامـۆژگاری بۆخـۆم، ئینجـا بـۆ ئێـوەی خۆشەویسـت.

ڕوونکردنـەوە: (موسـڵمانانی خۆشەویسـت، لەنوسـینی ئـەم کتێبـەدا زیاتـر هەوڵـم داوە قسـە و لێدوانـی ئـەم سـێ قەڕنـە تۆمـار بکـەم کـە پێغەمبەر(صـلی اللـه علیـه وسلم)شـایەتیان بـۆ داوە، وە خـۆم هەوڵـی ڕەڤەکردنیانـم داوە بـە خوێندنـەوە و موتابەعـە کردنـی ئایەتەکانـی قورئـان و فەرموودەکانـی پێغەمبەر(صـلی اللـه علیـه وسـلم)، وە هەروەهـا قسـە و بۆچوونـی کۆمەڵێـک زانایانـم نەقـل کـردووە کـە لـە سـێ قەڕنەکـەش نینـە، بـەڵام لەبـەر بۆچوونـی جـوان و قسـەی پوختیـان هەندێکـم لێیـان تۆمـار کـردووە).

(وصلى لله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه)

{سوودی هاوڕێی موتتەقی و زیانی هاوڕێی خراپ}

ئیمامی شافعی دەفەرموێ: (ئەگەر هاوڕێیەکت هەیە و یارمەتیت دەدات لەسەر طاعەتی اللە تعالی توند بەدەستەکانت بیگرە چوونکە دۆزینەوەی ئەم جۆرە هاوڕێیە قورسە وە دابڕانیش لێی ئاسانە).

(حلية الأولياء ٤/ ١٠١).

ئەم وتە نازدارە فێرمان دەکات کەوا هەمیشە دەست بەو برادەرە بگرین کە شارەزامان دەکات لەدین، یاخوود دوورمان دەخاتەوە لە حەرامکراوەکان، یاخوود...هتد...جا بۆیە پێویستە بەدوای برادەرێکدا بگەڕێن لەم جۆرە موتتەقیانە بێت، وەک هەندێک لە پێشینان (سەلەف) فەرموویانە: (بێ دەسەڵاتترینی خەڵک ئەو کەسەیە کە کەمتەرخەمی بکات لە گەڕان بە دوای دۆستێکدا، وە لەو بێ دەسەڵاتتر ئەو کەسەیە کە وا ئەگەر دۆستی چاکی دەست کەوت لە دەستی بدات).

وە هەروەها بزانە و زۆر ئاگاداربە لە هاوڕێی خراپ، هەر کەسێک بانگی کردیت بۆ خێر و چاکە ئەوە هاوڕێی باشە، بەڵام هەر کەسێک بانگی کردیت بۆ خراپە یان ڕەوشتی خراپ، بزانە ئەوە هاوڕێیەکی خراپەکارە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێک ئاگادار بێت لەهاوڕێی خراپ وە هەوڵبدات هاوڕێیەتی کەسانی موتتەقی بکات.

بەڕاستی دۆستایەتیت و هاوڕێیەتیت بۆ چاکەکاران هۆکارێکە بۆ ئەوەی بچیتە ناو ڕیزی ئەو کەسانەوە کەوا لەڕۆژی قیامەتدا نەترسیان هەیە و نەخەم و پەژارە، هەروەک (اللە تعالی) فەرمویەتی: [الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ (٦٧) يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ(٦٨)](الزخروف).

واتە: (دۆست و خۆشەویستانی دونیا لە ڕۆژی قیامەت هەموویان ئەبن بە دوژمنی یەکتری و لە یەکتری جیا ئەبنەوە لەبەر ئەوەی لە دونیادا بۆ بەرژەوەندی دونیا یەکیان خۆشویستووە تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە تەقوای خوایان کردووەو لە دونیادا لەبەر خوا یەکتریان خۆش ویستووە لە قیامەت نابن بە دوژمنی یەکتری، بەڵکو لە بەهەشتدا کۆ ئەبنەوەو دۆستی یەکن، اللە پێیان ئەفەرمووێ: ئەی بەندەکانی من ئێوە هیچ ترسێکتان لەسەر نیە بۆ داهاتووتان و ئەمینن لە سزای خوای گەورە، وە ئێوە خەفەتیش ناخۆن لە ڕابردووتان و ئەوەی لە دونیا بەجێتان هێشتووە باشترتان پێ ئەبەخشین).

بۆیـه هەوڵـده دەسـت بـەو بـرادەرە بگـرە کـە لەپێنـاو اللـه بـووە بـە هاوڕێـت، نـەک لەپێنـاو هیـچ شـەخص و پلـە و پۆسـتێک و ماڵـی دونیـا، چونکـه ئـەو کەسـەی لەپێنـاو اللـه بـووە بـە هاوڕێـت ئـەوە یارمەتیدەرتـه لەدونیا و لەقیامـەت، بـەڵام ئـەوەی بـۆ بەرژەوندییەکـی کەمـی دونیا بـووە بـە هاوڕێـت ئـەوە سـوودی هیچـی تیـا نییـه دڵنیابە.

وە هەروەهـا هاوڕێـی خـراپ هۆکارێکـه بۆچوونـه دۆزەخ(اللـه بمـان پارێزێـت)، وەک(اللـه تعالی)دەفەرمـوێ: [يَـا وَيْلَتَـى لَيْتَنِـي لَـمْ أَتَّخِـذْ فُلَانًـا خَلِيـلًا (٢٨)](الفرقـان).

واتـه: (ئـای تیاچـوون بـۆ مـن خۆزگـه فـلان کەسـم نەکردایـه بـه هـاوەڵ و خۆشەویسـتی خـۆم).

ئینجا هاوڕێی وا هەیە هەم خۆی لەسەر گومڕاییە

وە هەم خەڵکیش دەخاتە سەر گومڕایی و سەر لێشێواوی!

جـا هـەر بۆیـه هەرگیـز نەکـەی پشـت لـه هاوڕێـی دینـدار و لـه (اللـه) تـرس بکـەی، هـەر وەک علـي کـوڕی ئەبـی طالـب دەیفەرمـوو: (دەسـت بگـرن بـه براکانتـان ئـەوان زەخیـری ئێـوەن لـه دونیـا و لـه قیامـەت، ئایه گوێتـان لـه دۆزەخییـەکان نەبـووە کـه دەڵێـن: [فَمَا لَنَـا مِـنْ شَـافِعِينَ (١٠٠) وَلَا صَدِيـقٍ حَمِيـمٍ (١٠١)].(الشـعراء).

واتـه: (وەهیـچ تکاکارێ بـۆ ئێمـه نیـه، وە هیـچ هاورێیەکـی دڵسـۆزمان نیه) !

وە هەروەها بزانە بەبینینی هاوڕێی باش و موتتەقی یادی (اللە)ت دەکەوێتەوە بیر، وەک پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێ:
(أولياء الله الذين إذا رؤوا ذكر الله).(حديث حسن:السلسلة الصحيحة ٤/٣١١).
واتە: (دۆستانی (الله تعالى)ئەوانەن کاتێ دەیانبینی (الله تعالى) ت بیردێتەوە).
موسای کوڕی عوقبە دەفەرموێ: (من جاری وا هەیە برایەکی موسڵمانی خۆم دەبینم، بەهۆیەوەچەندان ڕۆژ ژیر و بەفام دەبم).
(روضة العقلاء ص٩٢).

ئینجا بۆیە بزانە کەسێك کەوا لە(اللە)ت نزیك نەخاتەوە و قیامەتت بیرنەخاتەوە سودی قیامەتی نەبێ بەرەو تیاچونت دەبات بێ ئەوەی هەستی پێبکەی بۆیە ئاگاداری خۆت بە!
پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەربارە هاوڕێ دەفەرموێ:(الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُم مَنْ يُخَالِل).
(أخرجه أبو داود (٤٨٣٣)).
واتە:(مرۆڤ لەسەر ئاینی هاورێ و خۆشەویستەکەیەتی بۆیە هەریەکێك لەئێوە با سەیربکات بزانێ کێ دەکات بەهاورێ وخۆشەویستی خۆی.)

{عەبدی دینارو درهەم}

حسن بصری دەفەرمووێ: (بۆ هەموو ئومەتێک بتێک هەبوو کە دەیانپەرست بەڵام بتی ئەم ئوممەتە دینار و درهمە)!
(الأداب ال رسرعية ٢ / ٢٩٧).

بێگومان ئەمڕۆ کەسانێک دەبینی ئەوەندە حەوداڵ و کۆیلەن بۆ پارە و پەیداکردنی رزق، تاوەکوو وای لێ هاتووە شک کەوتۆتە ئیمانەکەیان(اللە بمان پارێزێت)، بۆیە ئینسان نابێت بگاتە ئەو ڕادەیە کەوا ببێتە عەبدی پارە و سامان، هەروەک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)دەفەرمووێ: (تَعِسَ عبدُ الدِّينَارِ، وَعَبْدُ الدِّرْهَمِ).
(رواه البخاري (٢٨٨٧).
واتە: (بەهیلاک چووە ئەوەی عەبدی دینار و عەبدی درهمە)!
هەولدە برای موسڵمان لەم جۆرە عەبدانە نەبی، دەبێت باوەڕت وابێت(اللە تعالى)دروستی کردووی و وە رزقی تۆشی داوە و هەر ئەویشە ئەم کەون و جیهانە بەڕێوە دەبات، گەر باوەڕت نەبێت بەمانە ئەوە تۆ عەقیدەکەت باطلە، هەروەک لە کافرانی

قورەیشیانیان دەپرسی و پێیان دەگووتن: کێ ئێوەی درووست کردووە؟ وە کێ رزقی ئێوە دەدات؟ وە کێ ئەم جیهانە بەڕێوە دەبات؟ کافرانی قورەیش لەوەڵامدا دەیانگووت (لیقولون الله)! واتە: (دەیانگووت الله)، بۆیە تۆی موسڵمان کە (الله تعالى)بەتەنها دەپەرستی تۆ ئەولاتری کەوا باوەڕ و ئیمانت بەهێزتر و زیاتر بێت بەوەی کە هەر (الله)یە رزقی تۆ دەدات و هەر (الله)یە ئەم کەون و جیهانە بەڕێوە دەبات.

بۆیە هیچ کاتێک مەترسە لەرزق، چونکە ترسان لەرزق وات لێدەکات ببیتە عەبدی پارە و درهەم(اللە بمان پارێزێت).

{خۆ بەکەم زانین و ئیخلاص}

ئیمامی شافعی دەفەرموویێت: (بەرزترین کەس لەناو خەڵک ئەو کەسەیە کە لەخۆ بایی نیە، وە چاکترین کەس ئەو کەسەیە کە چاکی خۆی نابینیٚ).

(سیر أعلام النبلاء (١٠/٩٩)).

ئێستا دەبینین کەسانێک بەناوی بانگخوازی و بەناوی ماموٚستایەتی وا خۆی لیٚ گۆڕاوە بەوی بێت هەر تەنها خۆی لەهەموو بوارەکانی دین موختەس و کاملە، بەڕاستی ئەم کیبر و لەخۆ ڕازی بوونەش پێچەوانەی قورئان و سوننەتە هەر وەک(اللە تعالی) دەفەرمویٚ: [فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى (٣٢)]. (النجم). واتە: (جا کەوابوو پاکانە بۆ خۆتان مەکەن و، خۆتان هەڵ مەکێشن ئەو زاناترە بەو کەسەی خۆی دەپارێزیٚ و سنوورەکانی نابەزێنیٚ).

(لە نێو سوپای هارونە ڕەشید بیست هەزار موجاهید هەبوون، ناوی خۆیان لە دیوانی سەربازان دا تۆمار نە دەکرد و لەبەرامبەریش

دا موچەیان وەر نە دەگرت، بۆ ئەوەی کەس نەیان ناسێ جگە لە الله).

(سير اعلام النبلاء).

وە هەروەها لە هیچ سەلەفێک نەگێڕدراوەتەوە کەوا تەنها خۆیان پێ لەسەر حەق بووبێ و خۆیان پێ لەهەموو کەسێک باشتر و چاکتر دانابێ،

هەر وەک ئیمام فوضەیلی کوڕی عیاض دەربارەی خۆبەکەم زانین دەفەرموێ: (خۆبەکەم زانین ئەوەیە کە ملکەچی حەق بیت وگوێڕایەڵی ببی، ئەگەر ئەو حەقە لە منالێکەوە ببیستی، وئەگەر لە نەزانترین کەسەوە ببیستی لێی وەربگری).

(أخرجه ابن أبي الدنيا في [التواضع :٨٨]).

هەر بۆیە یەکێ لە سیفەتە جوان و بەرز و باشەکانی بەندەکانی الله تعالى ئەوەیە کە(تواضع)ی هەبێت، هەر وەک الله تعالى دەفەرمووێت: [وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا]. (الفرقان(٦٣)).

واتە: (وە بەندەکانی خوای گەورە ئەو کەسانەن کە بەسەر زەویدا ئەڕۆن بەهێمنی و ئارامی بەبێ ئەوەی کە بە لووتبەرزی و فەخرو شانازی بڕۆن).

جا بۆیە بەڕاستی فیز و خۆبەگەورەزانین سیفەتێکی زۆر خراپ

و ترسـناکە بـۆ دونیـا و قیامـەت، هـەر ئـەم سـیفەتەبوو شـەیتانی تووشـی ئـەو کارەسـاتە گـەورە کـردووە.

پێغەمبەر(صـلی اللـه علیـه وسـلم)دەفەرموێ: (لـو لم تكونـوا تُذْنِبـونَ، لخِفْـتُ عليكـم مـا هـو أكـبرُ مـن ذلِـكَ ؛ العُجْـبُ العُجْبُ).(التخريـج : أخرجـه البـزار (٦٩٣٦)).

واتـە: (ئەگـەر ئێـوە تـاوان نەکـەن، ئـەوا ترسـی لەتـاوان توندتـرم لەسـەرتان هەیـە توشـتان بێـت: لەخۆبایـی بوونـە لەخۆبایـی بـوون).

ئینجا بترسـە و ئاگاداری هەڵسـووکەوت و کردارەکانت ببـە و تەوازووع بنووێنـە بەرامبـەر خەڵکی.

هـەر وەک م.صـلاح الديـن احمـد دەڵێـت: بەشـەکانی تـەوازوع دوو جـۆرن:

١-تەوازوعـی بـاش: بریتیـە لەتـەوازوع بەرانبـەر فەرمـان و نەهیەکانـی اللـه تعالـی، وە وازهینـان لەخـۆ هەڵکێشـان بەسـەر خەڵکیـدا.

٢-تەوازوعـی خـراپ: بریتیـە لەتـەوازوع نوانـدن بـۆ دونیـاو، خـۆ سـوك کـردن و زەلیـل کـردن و خـۆ نـزم کردنـەوە، خـۆ کـەم کردنـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی شـتێکی کاتـی کەمـی دونیایـی.

{مەترسی زمان}

فضيل بن عياض دەفەرمووێ: (نە حەج نە جيهاد نە سەنگەرگرتن، بەهێزترە لە زيندانی کردنی زمان).
[حسن الصمت (٧٦)].

هەر وەک دیارە ئەمڕۆ لەم سەردەمە هەر کێشە و گرفتێک ڕوودەدات زیاتر بەهۆی زمانەوەیە، جار هەیە دەبینین ئینسان بەهۆی زمانەکەیەوە دەکوژرێ! یاخوود بەهۆی یەک قسەوە کە لای ئەو زۆر ئاسایی بووە حەفتا ساڵ لە ئاگری دۆزەخ فڕێ دەدرێتە خوارەوە! بۆیە بەڕاستی زمان زۆر مەترسیدارە و هیچ قسەیەکی خەراپ بە ئاسایی و بەکەم وەرمەگرن، هەر وەک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (أكثرُ خطايا ابنِ آدمَ في لسانِه).
(أخرجه الطبراني في ((الكبير)(١٠/ ٢٤٣)).
واتە: (زۆری هەڵەی بەنی ئادەم، لە زمانییەتی).

بۆیە دەبێت مرۆڤ زۆر ئاگادار بێت لەوەی کە دەیڵێت، چونکە (الله

تعالى)سەمیعە بە هەموو ئەقوالەکانی ئێمە! هەر وەک دەفەرمووێ:

[وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٥٣)].(الأنفال).

واتە: (بەڕاستی الله تعالى بیسەری (گوفتارەکانە) زانایە بەکردارەکان).

کەواتە زۆر وورد ببەوە لەوەی کەوا چی دەڵێیت لەسەر خەڵکی، یاخوود چی بەدەمت دادێت و نەشڕی دەکەی لەسەر بابەتێک کە پەیوەندی بەتۆوە نییە، بۆیە دەبێت زۆر بترسیت کاتێک تۆ(الله تعالى)بەحەق بناسیت و بە عەقیدەوە لە ئەسماو صیفاتەکانی(الله تعالى)حاڵی بوو بیت و، بەئارەزووی خۆشت چیت بە دڵدا هات بیخەیتە سەر زمان و نەشڕی بکەیت بۆ خەڵکی!

ئیمام مالیکی کوری دینار دەفەرمووێ: [كَانَ الأبرَارَ يَتَواصُونَ بِثَلَاثٍ: بِسجنِ اللِّسَانِ، وكِثرَةِ الإستِغفَارِ، والعُزلَةِ].

واتە: (پیاوچاکەکانی پێشین وەسیەتیان دەکرد بەسێ شت: بەندکردنی زمان، وە زۆر داوای لێخۆشبوون کردن، وە گۆشەگیری).

بۆیە ئەهلی سەلەف ئاوا ترساون لە زمانیان لەترسی ئەوەی قسەیەک بەهەڵە بێتە دەرەوە لەزاریان.

وە سفيان الثوري ئامۆژگاریمان دەکات و دەفەرمویێ:

(وَ عَلَيْكَ بِقِلَّةِ الْكَلَامِ).

واتە: (وەپێویستە لەسەرت کەوا کەم قسە بکەی).

(حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاءِ).

وە هەروەها دەبێت یەقینت هەبێ کە دوو فریشتە هەن چاودێرن بەسەرتەوە هەر شتێک بڵێیت ئەوان ئامادەن بۆ نووسینی، وەک اللە تعالى دەفەرموێ: [مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ (١٨)]. (قاف).

واتە: (هیچ وتەیەك لە دەم مرۆڤ نایەتە دەرەوە ئیلا ئەو دوو فریشتەیە چاودێرو ئامادەن و دەینوسن).

(ئیمامی ئەحمەد) لە نەخۆشی سەرەمەرگەکەیدا نرکەنرك و ناڵەناڵی دەکرد، پێی وترا (تاوس) دەفەرموێ: (فریشتە هەموو شتێك دەنوسێت تەنانەت نرکەنرك و ناڵەناڵیش)، لە پاش ئەوە (ئیمامی ئەحمەد) نرکەی نەکرد تا کۆچی دوایی کرد.

بەڕاستی سەلەف زۆر گرینگیان بە بێدەنگی داوە، وەک ئیمامی الأوزاعی دەفەرموێ: (سەلامەتی دە بەشە، نۆ بەشیان بێدەنگبوونە، بەشەکەی تر خۆ خۆدابڕینە لە خەڵک).

(العزلة والإنفراد لإبن أبي دنيا).

{نامۆیی}

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ:

(بدأ الإسلام غريباً وسيعود غريباً كما بدأ فطوبى للغرباء قيل: يا رسول الله! من الغرباء؟ قال: الذين يصلحون إذا فسد الناس).

(صحيح مسلم الصفحة أو الرقم: ١٤٥)

واتە: (بەڕاستی ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد و دووبارەش نامۆ ئەبێتەوە وەک چۆن سەرەتا دەستی پێکرد، خۆشبەختی بۆ نامۆکان، وترا: ئەوانە کێن ئەی رسول الله؟ فەرمووی: ئەوانەی چاکەکارن لەکاتێکدا خەڵکی تووشی خراپیی و تێکچوون بوون).

لەڕۆژگاری نامۆییدا هیچ کەس ناتوانێ لەسەر ئەم دینە جێگیر و بەردەوام بێت، مەگەر کەسێک دڵی پڕ بێت لەتەوحید، هەر بۆیە موسڵمانان وەسیەت بێت هیچ کاتێك بێ ئومێدی ڕووتان تێنەکات لە کەم بوونی خەڵکی لەسەر مەنهەجی ڕاست و درووست کە قورئان و سوننەتە، هەمیشە ئەهلی حەق دەمێنێتەوە ئەوانەی

لەسەر شەریعەتی ئیسلامن وناموٚن لەنێو خەڵکی بەهوٚی کەمی ژمارەیان، بوٚیە ئەمانە ناموٚن چونکە زوٚرینەی خەڵکی دەربارەی ڕێگەی حەق لەخەوێکی قووڵدان، ڕێگەکان جوٚراوجوٚرن و ڕێگەی حەق تاکە، ئەوانەی ڕێگەی حەقیشیان گرتوٚتەبەر تاکن، بوٚیە خەم مەخوٚن کاتێك بێ بڕوایان و موبتەدیعان گاڵتەتان پێ دەکەن لەسەر مەنهەجە حەق و ڕاستەکەتان کە قورئان و سوننەتە، بەڵکوو ئارام بگرن لەسەر ئازاردانەکانیان و ئەو ستەمەی بەرامبەرتان ئەنجامی دەدەن، وە ئەگەر پێچەوانەی تاوانباران و خراپەکارانت کرد و ڕێگەی ئاخیرەتت گرتەبەر بە بەکارهێنانی حەق و ڕاستییەکەت ئەوکات توٚ وشک ئەبیت لایان، چونکە توٚ لەنێو ئەواندا تووشی نەهامەتی بوویت و غەمباریت، پاشان گاڵتەتان پێ دەکەن و ئازارتان دەدەن، هەر وەك الله تعالى دەربارەی ئەم کەسانە دەفەرمووێ: [إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ (٢٩) وَإِذَا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ (٣٠) وَإِذَا انْقَلَبُوا إِلَى أَهْلِهِمُ انْقَلَبُوا فَكِهِينَ (٣١) وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَؤُلَاءِ لَضَالُّونَ (٣٢)].(المطففين).

واتە: (بێگومان ئەوانەی کە تاوانیان دەکرد گاڵتەیان بە ئیمانداران دەهات و پێیان پێدەکەنین، و کاتێ بەلایاندا تێدەپەڕین سرتە سرتیان دەکردو چاویان لە یەکتر دادەگرت، بەمەبەستی ئازاردانی دڵ و دەروونی بڕوادارەکان، وەکاتێکیش بگەڕانایەتەوە بوٚ لای ماڵ و منداڵیان، بە پێکەنین و گاڵتەکردن(بە موسوڵمانان) ەوە دەگەڕانەوە، وە کاتێك کە بیانبینن ئەڵێن: ئەم باوەڕدارانە ئەم

موسڵمانانە ئەمانە وێڵ و سەرگەردان و گومڕا بوونە لەبەر ئەوەی کە شوێن محمد - صلى الله عليه وسلم - کەوتوونەو وازیان لە دونیا هێناوە).

بەڵام ئینسانی موسڵمان نابێت کۆڵ بدات، و بەم شتە هیچ و پووچانە سارد ببێتەوە لە حەق و لەو مەنهەجە ڕاستەی کە لەسەریەتی، لەکاتێکدا خەڵکی خەریکی خراپەکاریە و سوننەتی گۆڕیوە بەڵام تۆ دەبێت لەسەر ئەزیەت دانیان لەلایەن کافران و گومڕایان ئارام بگریت، چونکە تۆ ڕۆژێکی زۆر سەخت لەبەردەمدایە ئەویش بینینی الله و ڕۆژی قیامەتە، وەک دەزانین ئاخیرەت زۆر بەسوود و قازانجترە، تۆش دەتوانی تۆڵەی خۆت لەم کەسانە بکەیتەوە لە ئاخیرەت، وەک الله تعالى دەربارەیان دەفەرمووێ: [فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ (٣٤) عَلَى الْأَرَائِكِ يَنْظُرُونَ (٣٥) هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (٣٦)]. (المطففين).

واتە: (بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا دیمەنەکە پێچەوانە ئەبێتەوە: لە سزای ئەوەی کافران لە دونیادا بە باوەڕداران پێکەنیون و گاڵتەیان پێ کردوون لەوێ پێچەوانە ئەبێتەوە باوەڕداران گاڵتە بە کافران ئەکەن کاتێك کە ئەبینن لەناو سزای ئاگری دۆزەخدان پێیان پێ ئەکەنن، ئەزانن کە هیچ تواناو دەسەڵاتێکیان نیە، ئەم باوەڕدارانە لەسەر ئەو جۆلانەو شوێنە بەرزانەدا دانیشتوونە تەماشای نازو نیعمەتەکانی بەهەشت ئەکەن، یان تەماشای

دوژمنانی خـوای گـەورە ئەکـەن لەنـاو دۆزەخـدا کـە سـزا ئەدرێـن، یاخـود تەماشـای خـوای گـەورە ئەکـەن کـە خۆشـترین نـازو نیعمـەت بریتییـە لـە بینینـی خـوای گـەورەو تەماشـا کردنـی خـوای گـەورە، ئاخـۆ بـێ بـڕواکان پاداشـتی کاروکردەوەکانیـان دەراوەتـەوە؟. بەڵـێ لەهەمـوو سـەردەمێکدا ئەوجـۆرە مرۆڤـە تاوانبـارو خراپکارانـە هـەن و سـوکایەتی و گاڵتـە و لاقرتـێ بەدەسـتەی بـڕواداران ئەکـەن و، دانـا و زانـا دەبـێ بەنـادان و نـەزان و، نەزانیـش دەبـێ بەزانـا.!! جـا لەپاشـەرۆژدا هەموویـان بـەری کێڵگـەی خۆیـان دەخۆنـەوە).

وە دەبێـت کەسـی نامـۆ زۆر خـۆی بگرێتـەوە لەچوونـە دەری بێ سـوود و لەمەجلیسـی دونیایـی، وەک ئیـمام مالیـک بەهەنـدێ لەهاوەڵانـی دەفەرمـوو:

(زۆر مەچنـە دەرەوە مەگـەر بۆکارێـک نەبـێ کـە هـەر دەبـێ بچـن وە دانەنیشـن لـە کـۆڕ و مەجیسـێکدا کـە سـوودی عیلمـی لـێ نەبینـن).

(ترتيب المدارك وتقريب المسالك، ٢/٦٣).

هـەر بۆیـە لـەم دونیایـە وا چاکـە وەک ڕێبوارێـک ژیـن بەرینـە سـەر، چونکـە سـەرئەنجامی ئێمـە هـەر گەڕانەوەیـە، پێغەمبەر(صـلى اللـه عليـه وسـلم) دەفەرمـوێ: (كُـنْ في الدُّنْيـا كأَنَّـكَ غريـبٌ، أَوْ عَابِرُ سـبيلٍ). (رواه البخـاري).

واتە: (لەدونیادا وا بژی وەکوو نامۆیەک یاخوود وەک ڕێبوارێک).

{فێربوونی عیلم و ترسان لەفەتوادان}

ئەوزاعی دەڵێ پێم گەیشتوە کە وتراوە: (سزایەکی سەخت بۆ ئەو کەسانەی خۆیان فێری زانستی شەرعی و فیقە دەکەن بۆ (مەبەستی) جگە لە عیبادەت و کارپێکردن، وە سزای سەخت بۆ ئەوانەی کە شتە حەرامکراوەکان حەڵاڵ دەکەن، بە بیانوی ئەوەی گومانی تیایە دیار نیە کە حەرام بێت بە تەواوی).
(سنن_الدارمی۱۹۳).

ئینجا گەر دەتەوێ عیلم فێربیت بە مەبەستی عیبادەت فێربە، نەک بۆ دمەدمێ و جدال و خۆ هەڵکێشان بەسەر نەفام و نەزانەکان، چونکە بەڕاستی زۆر مەترسیدار و کارەساتە بۆ ئاخیرەتمان!
وەک پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێ: (لَا تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ لِتُبَاهُوا بِهِ الْعُلَمَاءَ، وَلَا لِتُمَارُوا بِهِ السُّفَهَاءَ، وَلَا تَخَيَّرُوا بِهِ الْمَجَالِسَ، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَالنَّارُ النَّارُ). [صحيح] - [رواه ابن ماجه].

واتە: (خۆتان فێری عیلم و زانست مەکەن، کە شانازی پێ بکەن

بەسەر زانایاندا و دەمەدەمی لەگەڵ نەفامان پێ بکەن، هەر کەس ئەوەی کرد جێگای ئاگرە ئاگر)!

ئینجا بۆیە زۆر چاک بزانە ئەوکەسەی نیەتی پاکە و تەنیا لەپێناو اللە داوای عیلم دەکات زۆر پلەی بەرزترە و، فەزڵی زیاترە لەوەی بۆ مناقشە و خۆهەڵکێشان داوای عیلم دەکات، بەبێ نیەت پاکی تۆ هەرگیز داوای علمت بۆ ئاسان نابێت، بەبێ نیەت پاکی هەرگیز ناگەیت بەوەی کە دەتگەیەنێ بە(اللە تعالی)، شێخ ئەلبانی بەڕەحمەت بێت نە مزگەوتی هەبوو، نە کەناڵ، تەنانەت بۆ یەکجاریش نەچووە سەر مینبەر، کەچی دەعوەکەی هەموو سەر زەوی گرتەوە، چونکە تەقوا و ئیخلاصی هەبوو (اللە تعالی)ش پلە و پایەی عیلمی بەرز کردەوە.

ایسماعیلی کوڕی ئەبو حەکیم گێڕاویاتەوە وتی
گوێم لە ئیمام عومەر بوو دەیوت: (هەر کەسێك دینەکەی بکاتە کاڵایەك بۆ مناقەشە و دووبەرەکیەکان، ئەوە زۆر ڕاستە ڕێ نابێ و هەر دەمەو لەسەر پەتێکە).
(سنن_الدارمی٣١٢)

وە هەروەها گووتنی ڕاستی لە فەتوا دان و عیلم پێ بوون دەربارەیان، ئەگەر شتێك گومانی تیابوو لە حەرام بوونی مانای ئەوە نیە حەڵاڵ بێت، کەوا زۆر جاریش ئەمە ڕوودەدات بەداخەوە،

وە هەروەها عیلم پێ بوون مەرجە دەربارەی ئەو پرسیارەی کەوا لێت دەکرێت، دەبێت ئینسان زۆر بترسێت لەوەی کە فەتوا بدات بۆ خەڵکی بێ لێکۆڵینەوەیەکی وورد لەقورئان و فەرموودەدا، وەک (اللە تعالی) دەفەرموێ: [وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا (٣٦)].

واتە: ((ئەی ئینسان) لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەر پرسیارە لە بەرامبەریەوە).

دەگێڕنەوە کەوا (ابن عومەر) پیاوێك پرسیاری لێ کردووە دەربارەی بابەتێک ، ئەویش وتویەتی زانستم دەربارەی نیە ، جا کاتێک پیاوەکە ڕۆیشتووە (ابن عمر) بە خۆی وتوە باشترین شتی وت (ابن عمر)، پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەوەی کە نایزانێ ئەویش وتی زانستم دەربارەی نیە).

(سنن_الدارمی١٨٥).

واتە ئیبنو عومەر زۆر دڵی بە وەڵامەکەی خۆی خۆش بوو کە وتی زانستم دەربارەی نیە و دەستخۆشی لە خۆی کرد، ئینجا بۆیە واجبە لەسەر ئێمە چاو ببڕینە ئەم هەڵوێستە جوانەی (ابن عمر)، وە هەروەها ئەوەی پێویستە لەسەر موسڵمانان لە بارەی فەتوا دان، ئەوەیە کەوا هەست بکات لەناخی خۆیدا کاتێک فەتوایەک دەدات یاخوود قسەیەک دەکات لەبارەی تەفسیری قورئانەوە، ئەو

وەرگێڕێکە لەنێوان خوداو خەڵکیدا، (اللە تعالی) دەفەرموێ: [وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ (١١٦)]. (النحل).

واتە: (وە لە خۆتانەوە نەڵێن ئەوەی بە زبانتاندا دێت بەدرۆ ئەوە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە بۆ ئەوەی درۆ هەڵبەستن بەدەم خواوە بەڕاستی ئەوانەی درۆ هەڵدەبەستن بەناوی خواوە ڕزگار نابن). بڕیاردان لەحەڵاڵ و حەڕام واتە ئیمزاکردن لەجێی خودا، هەر بۆیە دەبێت ئەم ئیمزا و شایەتییە بە مەزن بزانیت و لەوە بترسێت بە ناوی خوداوە قسە بکەیت بەبێ زانیاری.

وە هەروەها هیچ کاتێک شەرم مەکە لە وشەی نازانم هەر وەک شەعبی وتویەتی: (وتنی نازانم نیوەی زانستە).

(سنن الدرمی ١٨٦).

ئەم وشەیەتان لا قوڕس نەبێت، هەر کاتێك زانستت نەبو دەربارەی بابەتێك ئەوا قسەی تیا مەکە بەبێ زانست، وە هەر وەک (ابن سیرین) دەڵێ: (باکم نەبووە لەوەی پرسیارم لێ کرابێت دەربارەی ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم ، چونکە من ئەگەر پرسیارم لێبکرێ دەربارەی ئەوەی کە دەیزانم ، ئەوە ئەو شتەم وتووە کە دەیزانم ، وە ئەگەر پرسیاریشم لێکرابێ دەربارەی ئەوەی کە نایزانم وتومە نایزانم).

(سنن_الدارمی ١٨٩).

{لـێبـووردن}

ئیمامـی حەسـەنی بـەصری دەفەرموێـت: (باشـترین ڕەوشـتی ئیمانـداران؛ لێبووردنـە).
(كتاب الزهد للإمام أحمد (٤٨٤)).

زۆر گرینگە کـەوا تـۆ جورئـەت بکەیـت لەهەڵـە و کـردەوە ناپوختەکانی بـرای موسـڵمانت ببـووری، بەڕاسـتی لێبـووردن یەکێکـە لە سـیفاتەکانی کەسـی موتتەقـی و ئیمانـدار، هـەروەک اللـە تعالـی دەفەرمـوێ:
[وَالْكَاظِمِـينَ الْغَيْـظَ وَالْعَافِـينَ عَـنِ النَّـاسِ].(ال عمـران١٣٤).
واتـە: (وە ئـەو کەسـانەی کـە ڕقـی خۆیـان ئەخۆنـەوەو لەبـەر خـوا دەرینابـڕن خـوای گـەورە لـە پێـش چـاوی خەڵـکی بانگـی دەکات لـە ڕۆژی قیامـەت تـا بـە ئـارەزوی خـۆی حـۆری هەڵبژێرێـت، وە ئـەو کەسـانەی کـە لـە خەڵـك ئەبووریـن وە سـزای خەڵکـی نـادەن وە بـە دڵنیایـی خـوای گـەورە ئـەو کەسـانەی خـۆش ئـەوێ کـە چاکـەکارو لێبـووردەن).

وەک دەزانیـن باشـترین بـاوەڕ و ئیـمان ئەوەیـە تـۆ لێبووردەبـی، وەک پێغەمبـەر (صـلى اللـه عليـه وسـلم) دەفەرمـوێ: (أفضل الإيمـان: الصبر والسـماحة). (المصـدر: صحيـح الجامع).

واتە: (باشترین باوەڕ بریتییە لە ئارامگرتن و لێبووردەیی).

گـەر سـەرنج بدەیـن لـە قورئـان و لێـی وورد ببینـەوە ئـەوە ئـەوكات بۆمـان بـەدەر دەكەوێـت كە لێبـووردن پیشـەی پێغەمبـەران و صالیحان بـووە، عبداللـه كـوڕی عمر دەڵێـت: (قەومـی نـوح لـە پێغەمبـەر نوحيان دەدا تـا دەيـان بوراندەوە، كاتێـك كـە هۆشـی دەهاتـەوە دەی فەرمـوو: (اللهـم اغفـر لقومـي فإنهـم لا يعلمـون)!!

(الزهد_لأحمد_بن_حنبل_٢٧٨)

ياخـوود وەک دەزانیـن براكانـی پێغەمبـەر يوسـف چیـان بـە يوسـف (عليـه السـلام) نەكـرد! لێـدان، عـەزاب، خسـتنە نـاو بیـر، فرۆشـتنی، بەكۆیلـە كردنـی! هەمـوو لـەم جـۆرە كارانەيـان بەرامبـەر پێغەمبـەر يوسـف (عليـه السـلام) ئەنجامـدا، كاتێـک براكانـی هاتنـە بەردەسـتی پێغەمبـەر يوسـف (عليـه السـلام) پێـی وتـن:

[قَـالَ لَا تَثْرِيـبَ عَلَيْكُـمُ الْيَـوْمَ يَغْفِـرُ اللَّـهُ لَكُـمْ وَهُـوَ أَرْحَـمُ الرَّاحِمِـينَ (٩٢)].(يوسـف).

واتـە: (فەرمـووی: ئەمـڕۆ هیـچ سەرزەنشـت و لۆمـە ناكرێـن بەڵكـو

لێتـان ئەبـوورم، خـوای گـەورە لێتـان خـۆش بـێ، هـەر خـوای گـەورە زۆر بەڕەحـم و بەزەییـەو لـە هەمـوو کـەس بەڕەحـم و سـۆزو بەزەییـترە).

ئەمەیـە لێبووردەیـی، بەڕاسـتی موسـڵمانان دەبێـت هەوڵـدەن گـەر خۆیـان بەشـوێنکەوتەی پێغەمبـەران و پیـاو چـاکان و ئەهلـی سـەلەف بزانـن، دەبێـت عەمـەل و کـردەوەی ئەمـان بەسـەر دڵ و جەسـتەیاندا ڕەنـگ بداتـەوە.
بۆیـە داوا دەکـەم لـە (اللـە تعالـى)، کـەوا هیدایەتمـان بـدات بۆسـەر ڕێـگای پێغەمبـەران و پیاوچـاکان.

{نەرم و نیانی لەکاتی موجادەلە}

ئیمامی شافیعی دەفەرمووێ: (ڕای من ڕاستە بەلام ڕەنگە هەڵەش بێت، ڕای بەرامبەرەکەم هەڵەیە بەلام ڕەنگە ڕاست بێت).

بەڕاستی شایەنی ئەوەیە کە ئەم قەولە بکەین بە یاسای ژیانمان و بەکاری بێنین بەرامبەر بە یەکتر، بۆیە با هەوڵدەین پێ داگری نەکەین لەسەر ئەوەی کە ڕەئی من ڕاستە و ڕەئی تۆ هەڵەیە، بەڵکوو بەڕێز گرتن لەیەکتر دەتوانین بگەین بە نەتیجە و ئەنجام، وە هەروەها پێویست کراوە هیچ کاتێك تەنها خۆت پێ ڕاست و درووست نەبێت و خەڵکیت پێ گومڕاو سەر لێ شێواو نەبێت، چونکە کە وات کرد تووشی دڵڕەقی و ئیمان لاوازی دەبیت، کە هاتوو کەسی بەرامبەر لەکاتی موجادەلە و حیواردا هەڵەی کرد، تۆ هەوڵدە بەجوانترین شێواز چاوپۆشی لێبکە یاخوود دواتر بەتەنها بەشێوازێکی نەرم و نیان ئامۆژگاری بکە چونکە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)دەفەرموێ: (مَن یُحرَم الرفق یُحرَم الخیر کله)، رواه مسلم.

واتە: (هەر کەسێك بێ بەش بێت لە نەرم و نیانی ئەوە بێ بەش دەبێت لەهەموو خێر و چاکەیەك).
کە تۆ بەم شێوازە مامەڵەت لەگەڵدا کرد دڵنیابە خۆی سوپاست دەکات.

وە زۆر هەوڵدە دوورکەوییەوە لەجدال کردن لەبەر چاوی خەڵکی و لەسەر سۆشیال میدیا و تیڤیەکان، چونکە گەر سەرنجتان دابێ گفتوگۆ کردن لەبەر چاوی خەڵك و بە ئاشکرا هیچ کاتێك وا لە کەسی بەرامبەر ناکات مل بدات بۆ ڕاستی و هەق، بەڵکو هەمیشە دەبێتە هۆی ڕق و کینە.

وە هەروەها ڕاستە کەوا تۆ دەبێت حەق ڕوون بکەیتەوە بەڵام دەبێت بەشێوازێک ڕوونی بکەیتەوە ئەگەر کەسی بەرامبەرت لێشی قەبووڵ نەکردی ئەوە نابێت ڕەدد فعلی خراپت هەبێت بەرامبەری، لەبەر ئەوەی کە لێتی قەبوڵ نەکردووە.
هیثمی کوڕی جمیل دەڵێ بە ئیمامی مالیکم ووت:
(ئەی باوکی عبداللە کەسێك شارەزایە لە ڕێبازی ئەهلی سوننە و زیرەکە، ئایا بۆی هەیە مناقەشە بکات لەسەر سوننەت و جدال لەگەڵ گومراکان بکات؟

ئیمام مالیك فەرمووی: نەخێر نابێت مناقەشە و جدال بکات بەڵکو حەق رون ئەکاتەوە و دەیڵێت ئەگەر لێی قبوڵ کرا باشە ئەگەر نا بێدەنگ ئەبێت).

(جامع بیان العلم).

(اللە تعالی) دەربارەی پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم)دەفەرمویَ:

[فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ].(ال عمران١٥٩).

واتە: (ئەی محمد(صلی اللە علیە وسلم) بەهۆی ڕەحمەتی خوای گەورەوە بەسەر تۆوە تۆ ئاوا نەرم و نیان بووی لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرت، خۆئەگەر کەسێکی تووڕەو قسەڕەق و دڵ رەقبای، دەوروبەریان چۆڵ دەکردیی و، لێت دووردەکەوتنەوە).

{زکر و یاد کردنی الله تعالی}

عومەری کوڕی خەطاب بە هاوەڵانی دەفەرموو:
(وەرن ئیمانتان زیاد بکەن، یادی الله تعالی بکەن).
(السنه_حرب_الکرمانی_١٤٠).

یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئینسان دەگەیەنێت بە پلە و مەرتەبێکی بەرز و نایاب (زکر و یاد کردنی الله تعالی)یە، ئینجا بۆیە ئینسان گەر ئارەزووی ئەوەی هەبێت الله تعالی بیگەیەنێت بە پلە و مەرتەبێکی نایاب، ئەوە پێویستی بە یاد و زکرکردنی پەروەرگاریەتی، هەر وەك چۆن (الله تعالی) دەفەرموێت: [فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ].(البقره١٥٢).
واتە: (ئێوە یادی من بکەن بەوەی تاعەت و گوێڕایەڵیم بکەن منیش یادی ئێوە ئەکەم بەوەی کە پاداشتتان ئەدەمەوەو لێتان خۆش دەبم).
بۆیە ئەی برا و خوشکی بەڕێز ناتوانی بگەیت بە پلەیەکی بەرز بێ ئەوەی زکر و یادی پەروەردگارت بکەیت، هەر بۆیە ئێوە بێ ئاگاش مەبن لە یادی الله تعالی هەر وەک خۆی دەفەرموێت: [وَلَا

تَكُنْ مِنَ الْغَافِلِينَ (٢٠٥)].(الأعراف). واتە: (وە تۆ لەو کەسانە مەبە کە بێئاگان لە زیکری خوای گەورە.)
بۆیە لەم ئایەتەدا زۆر بەجوانی بۆمان ڕوون کراوەتەوە ئەو کەسەی یادی الله نەکات ئەوە بەدڵنیای لە بێ ئاگایانە.

ابن القیم دەفەرموێ: (گەر پەردە هەڵگیرێ لەنێوان بەندەو کردەوەکانی لەڕۆژی دواییدا، ئەوا چاکەیەکی باشتر و چاکتر نادۆزێتەوە لە زیکری خوا.
ئینجا ئەو کات دەستەو کۆمەڵێک ئاهـ هەڵدەکێشن و دەڵێن : هیچ شتێک ئەوەندەی زیکر ئاسان نەبوو لەسەرمان).
(الوابل_الصیّب (ص ١١١)).

وە هەروەها دڵ ئارام بوون و ئاسوودەیی ناخی کەسی موسڵمان لە زکر و یادی الله دایە، وەک (الله تعالی) دەفەرموێ: [الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (٢٨)](الرعد).
واتە: (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و دڵیان ئارام دەبێت بەیادی خوا ئاگادار بن کە هەر بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبن).

باوەڕداران بە بیستنی قورئان دڵخۆش و دڵئارام دەبن و تام و چێژ وەردەگرن، بەڵام خراپەکاران بە بیستنی قورئان دڵتەنگ و بێزار دەبن و بەگومانی خۆیان بە بیستنی گۆرانی و موسیقا و ئەو شتە پڕ و پووچانە چێژ وەردەگرن!!

هەڕەشەی سەخت لەو دڵڕەقانەی کە گوێ ناگرن بۆ قورئان و زکر و یادی الله تعالی، [فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢٢)][الزمر].

واتە: (هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئان و یادی خوادا، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیریان خواردووە).

بۆیە گەورەترین هۆکار بۆ ئەمرۆ، کەوای کردووە خەلکەکە دوورە قورئان بن، گۆرانی و موسیقایە، چونکە گۆرانی و موسیقا دڵ دەمرێنن نیفاق دروست دەکەن لەدڵ، وە دڵ ژەنگاوی دەکەن، وەئەم ژەنگەش بەهیچ شتێك لاناچێت تەنیا بەقورئان و بیر کردنەوە لەئایەتەکانی الله تعالی نەبێت.

ابن قیم دەفەرموێ: (هەر کاتێک دڵ زۆر بێئاگابوو ئەوە زۆر ڕەق دەبێت، وە کاتێک بەندە یادی خودای کرد ئەو ڕەقیەتیەی دەتوێتەوە هەروەکوو چۆن قوڕقوشم لە ئاگردا دەتوێتەوە). (الوابل الصيب:٧١).

ئینجا هەر بۆیە دەبێت چاک بزانین کەوا تەمەنی ئینسان زۆر کەمە و دەرفەتە سوودی لێ وەربگیرێ، وە ئەو کاتانە بەفیڕۆ نەدرێن لەشتێك کە ببێتە مایەی پەشیمان بوونەوە، وە ڕەنگە زۆرجار ئینسان بەوەش ڕانەگات کە پەشیمان ببێتەوە، بۆیە بەفیڕۆدانی کات و بێ ئاگایی لەزیکری (الله تعالی) پەشیمانی تێدایە لەئاخیرەت.

{خۆشنەویستنی دونیا}

(هاوەڵـی خۆشەویسـت معاویـەی کـوڕی ابـو سـوفیان، (خـوا لێیـان ڕازی بێت)کاتێـک گەیشـتە سـەرەمەرگ، هەمـوو کەسـەکانی کۆکـردەوە و پێیانـی فەرمـوو: ئایـا ئێـوە خـزم و کەسـی مـن نیـن؟ وتیـان بەڵـێ خـوا بمانکاتـە فیـداد، فەرمـووی: ئـەوە ڕووحـی مـن وا لەقاچەکانمـەوە دەردەچێتـە دەرێ، دەی مەهێڵـن دەرچێـت و بیگەڕێننـەوە (واتـە مەهێڵـن بمـرم)، هەموویـان دەسـتیان کـردە گریـان و وتیـان هێـز و توانـای ئەوەمـان نیـە، ئینجـا بەدەنگێکـی گریانـاوی بـەرز فەرمـووی: لـەدوای مـن بـە دونیـا هەڵنەخەڵەتێـن)!

(سير أعلام النبلاء).

ئـەوەی ئەمـڕۆ ئێمـەی تێکشـکاندووە لـە عیبـادەت و لـە (اللـه) ترسـی، خۆشویسـتنی دونیـا و عەقڵی دونیایە، دونیا ویسـتی و خۆشەویسـتی دونیـا سـەرچاوەی هەمـوو گوناهـو تاوانێکـە، وە سەردەکێشـێت بـۆ سـنووربەزاندن!

گـەر باوەڕمـان بەقیامـەت هەبێـت دەبێـت ئەقڵـمان وەک قیامەتـی گـەورە بێـت، ناکرێـت باوەڕمـان بەقیامـەت هەبێـت و ئەقڵیشـمان دونیـای بێـت.

هەر بۆیە بەڕاستی دونیا شایەنی ئـەوە نییـە کـە دواڕۆژی خۆتـی بـۆ لەدەست بدەیت وەک الله تعالی فەرمانمان پـێ دەکات و دەفەرمـوێ: [فَـلَا تَغُرَّنَّكُـمُ الْحَيَـاةُ الدُّنْيَا]

واتـە: (بـا ئێـوە ژیانـی دونیـا لـە خشـتەتان نەبـات و هەڵتـان نە خە ڵە تێنـێ) .

بۆیـە دەبێـت زۆر ئـاگادار بیـت و بترسـیت لـەوەی کـە ژیانـی دونیـات لا پەسـەند تـر و چاکـتر بێـت لـە ژیانـی ئاخیـرەت، وەک اللـە تعالـی دەفەرمـوێ: [وَآثَـرَ الْحَيَـاةَ الدُّنْيَـا (٣٨) فَـإِنَّ الْجَحِيـمَ هِـيَ الْـمَأْوَى (٣٩)]. (النازعـات).

واتـە: (ئـەوەی ژیانـی ئـەم دونیایـەی هەڵبژاردبـێ بەسـەر ئـەو دونیـادا، ئـەوە بـێ گومـان دۆزەخ جێگـەی مانەوەیەتـی).

وە اللـە ئەوکەسانەشـی لەیـاد نەکـردووە کـە خۆیـان پاراسـتووە لـە ئەهلـی دونیـا و ئـەو خۆشیانەشـی لەدونیـا دایـە، هـەر لـەدوای ئـەم دوو ئایەتـە دەفەرمـوێ: [وَأَمَّـا مَـنْ خَـافَ مَقَـامَ رَبِّـهِ وَنَهَـى النَّفْـسَ عَـنِ الْهَـوَى (٤٠) فَـإِنَّ الْجَنَّـةَ هِـيَ الْـمَأْوَى (٤١)].(النازعـات).

واتـە: (بـەڵام کەسـێك لـە دونیـادا ترسـا بێـت لـە ڕاوەسـتان لەبـەر دەسـتی خـوای گـەورەو زانیبێتـی ڕۆژێـك ئەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوای

گەورە، وە لە ترسی خوای گەورە قەدەغەی نەفسی خۆی کردبێ لە هەواو ئارەزوو جڵەوگیری کردبێت جا ئەوە بێگومان بەهەشتە جێی مانەوەو حەوانەوەی).

هەروەها لەخۆشیەکانی دونیا دەبێت خۆت داماڵی و وازیان لێبێنی و نزیکیان نەکەویەوە چونکە بەڕاستی دونیا بەهەشت نییە، تاوەکوو جێگای حەسانەوە و پاڵدانەوە بێت، بەڵکوو دونیا جێگای تاقیکردنەوە و یەکخواپەرستییە.

لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەڵیان پرسی:

کەی مرۆڤی ئیماندار دەحەسێتەو؟

فەرمووی: (ئەوکاتەی دەچێتە بەهەشت).

(طبقات_الحنابلة).

هەروەها وەک پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێ:

(الدنيا سجن المؤمن وجنة بالكفر). (رواه مسلم).

واتە: (دونیا زیندانی ئیمانداره وە بەهەشتی کافرە).

بۆیە گەر تۆ بتهەوێت بەرەو بەهەشت بڕۆی، وادەزانی دەبێت لەسەر گوڵ و گوڵزار بڕۆی، یاخوود وادەزانی ڕێگای تەوحید بەگوڵ فەرشڕێژکراوە، بەڵام چاک بزانن ئەوکەسەی بە حەق شوێنی ئەم دینە بکەوێت و دەعوەی بۆ بکات، چی بەسەر پێغەمبەران و هاوەڵان هاتووە لە دەردەسەری و لەناڕەحەتی و نەهامەتی، بەهەمان شێوە بەسەر ئەو کەسەش دێت کە بەحەق شوێنی ئەم

دینـه كەوتـووه!

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)دەفەرموێ:

(حُجِبَتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ، وَحُجِبَتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ).(صحيح البخاري).

واتـه: (دۆزەخ بـه شـەهەوات دەور دراوه و بەهەشـتیش بـه ناخۆشـی دەور دراوه).

بۆیـه مـن دەپرسـم ئێمـه چ ناخۆشـیەكمان تـوش بـووه لەسـەر ئـەم دینـه تاكـو دڵ خۆشـبین بـەم فەرموودەیـە؟

هـەر سـەرپێچی و گوناهێـک حـەزی پـێ بكەیـن ئەنجامـی دەدەیـن و هـەر ئەزیـەت و ناڕەحەتیـەک تووشـمان بێـت سـەبری لەسـەر ناگریـن و كـۆڵ دەدەیـن، وه توشبوونیشـمان بـه ئەزیـەت و ناڕەحەتیـەكان هـەر لەسـەر دونیایـه نـەوەک لەسـەر دیـن!

ئیبراهیمـی تەمیمـی دەفەرموێـت: پێویسـته لەسـەر ئەوكەسـەی كـه دووره لـه خـەم وپـەژاره وناڕەحەتیـەكان بترسـێت لـەوەی كـه لـه دۆزەخیـەكان بێـت چونكـه بەهەشـتیەكان كاتێـک دەچنـه بەهەشـت دەڵێـن:

(وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ)

واتـه: (سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو خوایـەی كـه هەرچـی غـەم وپەژارەیـە لـه دڵ ودەروونـی دەركردیـن).

(التخويف من النار- ابن رجب الحنبلي١/٢٦).

وە چاک دەزانین ئەم تەمەنەی لەبەر دەستمانە فرسەتە خۆمانی پێ ڕزگار بکەین وە خۆمانی پێ نەجات بدەین لە ئاگری دۆزەخ، ئەم تەمەنەی لە دونیا پێمان بەخشراوە بۆ ئەوە نییە لەگەڵ کەسانی ئەهلی دونیایی خۆمانی پێ سەرقاڵ بکەین بە خۆشیە قەدەغەکراوەکان و سەرپێچیەکانی (اللە تعالی)، بۆیە هەوڵدەن ئەم وەسیەتەی سوفیانی ثەوری لەخۆتاندا بەرجەستە بکەن.

سوفیانی ثەوری دەفەرموێ: (با ئەو کەسەی لەگەڵیدا دادەنیشی کەسێک بێت فێرت بکات دوورکەویەوە لە دونیا و وات لێ بکات ئارەزووی قیامەتت هەبێ و نەکەی لەگەڵ ئەهلی دونیا دابنیشی ئەوانەی لە باسی دونیادا نوقم دەبن چونکە ئەوان دین و دڵت لێ تێک دەدەن و خراپیان دەکەن، وە زۆر یادی مردن بکە و زۆر استغفراللە بکە لەو تاوانانەی کە کردووتن و داوای سەلامەتی لە(اللە)بکە لەو تەمەنەی کە ماوتە).
[حلية الأولياء ٨٢/٧].

بە تەئکیدی گەورەترین هۆکاری بەدەست هێنانی قیامەت دونیا نەویستییە، وە دەبێت چاک بزانیت ژیانی ئەم دونیایە لەچاو ژیانی دواڕۆژ و ئاخیرەتدا خۆشیەکی زۆر بێ بەها و کەمی هەیە وەک (اللە تعالی)ئامۆژگاریمان دەکات و پێمان دەفەرموێ: [وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ (٢٦)].(الرعد).

واتە: (لە کاتێکدا ژیانی دونیا بەراورد بە قیامەت هیچ شتێك نیە تەنها شتومەکێکی کەم نەبێ کە ئەڕوات و نامێنێ).
بۆیە خۆتت قبوڵ بێت بەو جۆرەی کە هەیت شکوری الله بکە و هەوڵی بەدەست هێنانی قیامەتت بێت نەوەک دونیا، چونکە بەڕاستی براوە براوەی قیامەتە.

ڕوونکردنەوە: (خۆشەویستی دونیا حەڕام نییە، بەڵام خۆشەویستی دونیا ئەگەر زەرەر و زیان بەدینداریو دوارِۆژمان بگەیەنێت بەڵێ درووست نییە.
بەڵام ئەگەر دونیامان خۆش بوێت بۆ ئەوەی بیکەین بەپردێک بۆ گەیشتنمان بە بەهەشت ئەوە پێویستە و واجبە خۆشمان بوێت).
(دونیاداری دەکەین بەچاوی قیامەت).

{یادکردنی مردن}

پرسـیار کـرا لـە پێغەمبەر(صـلی اللـە علیـە وسـلم)کە کام بـاوەڕدار زیرەکترە یـان باشـترین بـاوەڕدار کامەیـە؟ فەرمـووی: (أَكْثَرُهُمْ لِلْمَـوْتِ ذِكْرًا,وَأَحْسَـنُهُمْ لِـمَا بَعْـدَهُ اسْـتِعْدَادًا, أُولَـئِكَ الْأَكْيَـاسُ).
(أخرجە ابن ماجە في سننە).
واتـە: (ئـەوەی کـە زۆر یـادی مـردن بکاتـەوە، وە ئەوەیـە کـە بـاش خـۆی ئامـادە بـکات بـۆ مـردن و پـاش مـردن، ئائەوانـە زیرەکەکانـن).

باشـە ئێمـە چیـمان ئامـادە کـردووە!؟ بەڵـکوو ئێمـە ڕووی مردنیشـمان نیـە لەبـەر گوناهـی زۆر و سـەرپێچی کردنـی فەرمانەکانـی (اللـە تعالی)، بۆیـە پێویسـتە ئومێدێـک لـە ناخـمان درووسـت بکەیـن کـەوا مـردن زۆر نزیکـە لێـمان، وەک (اللـە تعالی)دەفەرمـوێ: چونکـە کـە هەسـتمان کـرد مـردن لێـمان نزیکـە، ئـەوکات ناتوانیـن بەئـارەزووی خۆمـان گونـاه و تـاوان ئەنجـام بدەیـن و لەفەرمانەکانی(اللە)دەرچیـن.
ئیـدی ئێمـە کـە بـاش ئەزانیـن مردنێـك هەیـە یەخەمـان پـێ بگرێـت

ئیدی سەرقاڵی تاوان و گوناه کردنمان لەچییە؟! بۆچی بەشێوازێکی ژیرانە بیرێك نەکەینەوە لە یەکەم شەوی ناو گۆڕ؟!

خۆزگە هەموو زیندووەکان هەستیان بەوەبکردبا، کە ئێستا مردووەکان خۆزگە دەخوازن حاڵی حازر لە ژیان بوونایە تاوەکوو بیان توانیبایە کردەوەی چاك و باشیان ئەنجام بدابا، وە دوور بکەوتبانەوە لە گوناه و تاوان و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی (اللە تعالی).

بۆیە برای بەڕێز و خوشکی ئازیز، وا هەست بکەن کەوا ئێوە مردوون و خودا هەلێکی تری پێ بەخشیوونەوە و هاتوونەوە سەر دونیا تاوەکوو بتوانن سەرکەوتووبن لە پرسیارەکانی یەکەم شەوی ناو گۆڕ، لەمڕۆ بەدوا دەست بکە بە کردەوەی چاکە و دوور بکەوە لە گوناه و تاوان، هەروا بزانە هەلێکی ترت پێ بەخشراوە و هاتوویتەوە سەر دونیا!

مادام کە باش دەزانن مردن یەخە بە ئێوەش دەگرێت ئیتر دەست هەڵ بگرن لە تاوانەکانتان و دوور بکەونەوە لە جگەرە کێشان و مەشرووب خواردن و زینا کردن و کۆیلایەتی حیزب و دەسەلاّت و....، وە ئەم تاوانانەشی کە تووشی شەرمەزاریتان دەکات لەپرسیارەکانی یەکەم شەوی ناو گۆڕ!

اللە تعالی لەئایەتێکدا دەفەرموێ: [يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِنَفْسٍ شَيْئًا

وَالْأَمْـرُ يَوْمَئِـذٍ لِلَّـهِ (١٩)].(الانفطـار).
واتـە: (ئـەو ڕۆژە کـەس فریـای کـەس ناکەوێـت، کـەس هیـچ شـتێکی لـە دەسـت نایـەت بـۆ کەسـانی تـر، ئـەو ڕۆژە هەمـوو شـتێك بەدەسـت خوایـە، فەرمـان تەنهـا فەرمانـی پـەروەردگاری دادپـەروەرە).
وە هەروەهـا بەڕاسـتی ئـەوەی لەگەڵ مرۆڤـەکان دەمێنێتـەوە ولەگەڵی دەڕوات تەنیـا کردەوەکانیەتـی، بۆیـە کـەم ڕاکـەن بـەدووی دونیـادا، کـەم بڵێـن ئـەوەم دەوێ وئـەوەم نیـە، جێگاکـەم خۆشـنیە، مۆدیلـی نەمـاوە، جلەکـەم کۆنەیـە، سـەیارەکەم وایـە یاخوود.....هتـد...
هـەر وەک پێغەمبەر(صـلى اللـه عليـه وسـلم)ئەمری پـێ کردوویـن و دەفەرمـوێ: (أكـثروا ذكـر هـادم اللّـذَّات المـوت). (التخريـج : أخرجـه الترمـذي (٢٣٠٧)).
واتە: (زۆر یادی ڕووخێنەری خۆشیەکان بکەن کە مردنە).

بۆیـە چـاک بزانـن هـۆکاری هەمـوو ناخۆشـیەکانمان ئەوەیـە کەناتوانین بـە زاهیدی بژیـن و قەناعەتمـان نیە و هـەردەم خەریکـی بەراوردکردنین لەنێـوان خۆمـان و خەڵکـی، نـەک بـەراورد بـە پێغەمبەرمـان (صـلى اللـه عليه وسـلم!
بۆیـە بەڕاسـتی دوونیـا بـە جۆرێـك فریـوی داویـن خەیاڵێـك نەمـاوە بۆ مـردن، بۆیـە بـا بەجۆرێـك خۆمـان بـۆ مـردن ئامادە بکەیـن کـە مردیـن داوای گەڕانـەوە نەکەیـن.
سعید کـوڕی جبیر دەفەرمـوێ: (لـو فـارق ذكـر المـوت قلبـي خشـيت أن

یفسد علي قلبي).

واتە: (ئەگەر یادی مردنم لەدڵم نەمێنێ ترسم هەیە کە دڵم توشی خراپ بوون بێت)

هەروەها یاد کردنی مردن هۆکارێکە بۆ لابردنی خەم و ناڕەحەتیەکانی دونیا!

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەفەرموێت: (ئەگەر لە دونیادا شتێك خەمباری کردی ئەوا یادی مردن بکەرەوە لەسەرت ئاسان دەبێت).

(الفرج بعد الشدة لابن أبي الدنيا (ص٤٢).

{گەنجی تەقوادار}

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێ:

(إنَّ اللهَ لَيَعجبُ مِنَ الشابِّ ليست له صَبْوةٌ).

(أخرجه أحمد (١٧٣٧١)).

واتە: (بەڕاستی(الله تعالى)سەرسام دەبێت کاتێک گەنجێک دەبینێت کە ئارەزووی بۆ باطل نیە و نایەوێت کاری خراپ ئەنجام بدات و دەیەوێت یارمەتی حەق و حەق ویستەکان بدات).

وەک ڕوون و ئاشکرایە لەسەردەمی گەنجیدا نەفس و ئارەزووەکان کاریگەری زۆر توونديان هەیە بەسەر گەنجانەوە، دەی کەواتە ئێوەش تەواوی هەست و هۆشیاریتان بۆ ڕەزامەندی (الله)تەرخان بکەن.

گەنجی ئازا ئەو کەسەیە خۆی بگرێتەوە لەو حەز و ئارەزووانەی کە بەرەو سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی (اللـه)ی دەبەن، تۆ گەر نەتوانی لە گەنجیەتیدا عیبادەتی الله تعالى ئەنجام بدەیت، ئەوە دڵنیابە بە پیریش هیچ جۆش و خۆشیەک لەعیبادەتەکەت نابینیت

ئەگەر ئەنجامیشی بدەیت.

بۆیە هەوڵدە چێژ لەم حەدیثە ببینت کە الله تعالی بەو بەرزی و پلە و شکۆیەی خۆیەوە سەرسام دەبێت بەگەنجێک کە لەپێناو ئەودا دەستی بەرداوە لەوەی نەفس داوای دەکات، یاخوود دەستی بەرداوە لەو حەز و ئارەزووانەی کە لەئێستادا بە ئاسانترین شێواز دەتوانێت ئەنجامی بدات.

بەڕاستی گەنجیەتیت هەلێکی زۆر گەورەیە،

وەک پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم)دەفەرموێ: (اغْتَنِمْ خَمْسًا قبلَ خَمْسٍ: شَبابَكَ قبلَ هرَمِكَ.....).

(المصدر: صحيح الترغيب).

واتە: (پێنچ شت بەهەل بزانە بەر لە پێنچ شت، (یەکێک لەوانە) گەنجیەتیت بەر لە پیربوونت).

بۆیە زۆر چاک بزانە لەتەمەنت یەکجار گەنجیەتی هەیە جارێکی تر بەخۆتەوە نایبینیتەوە، بۆیە بەر لەوەی پیر بیت یاخوود مردن یەخەت پێ بگرێت، هەوڵدە دەست بەدینەکەی (الله)وە بگریت و دوورکەویتەوە لەو حەز و ئارەزووانە کە(الله)لەسەر تۆی قەدەغە کردووە.

زۆر ورد ببەوە لەوەی کە(الله تعالی)سەرسام بێ پێت، وە زۆر تیکڕار بکەوە لەسەر ئەوەی کە بڵێیت مادام الله بەتایبەت ئاماژە بە من دەدات مانای وایە گرینگیەکی تایبەتم هەیە لەلای!

وە هەروەها بەڕاستی واجب و پێویستە ئێمە چاو لە کەسانی گومڕا و گومڕاکـەر نەکەیـن، کـەوا هۆشـیان لەدەسـت داوە لەبـەر حـەزی دونیـا و ئافـرەت و شـەهوەتی و یاخـوود هـەر شـتێکی تـر، چونکـە ئـەم جۆرە کەسانە لەلایان(الله تعالی)هیـچ سـوود و بایەخێکیـان پـێ نەبەخـشراوە.

بۆیـە گەنجـی زیـرەک ئـەو گەنجەیـە سـنووری (اللـه) دەپارێزێـت و خـۆی لـە حەرامکـراوەکان دەگرێتـەوە، وەک مالیکـی کـوڕی ئەنـەس دەفەرمـوێ: (عاقـڵ و ژیـر کەسێکە لـە یاسـا و فەرمانەکانـی (الله)تـێ گەیشـتبێت، وە ئارامبگرێـت لەسـەر بـەڵا و ناڕەحەتیەکانـی ئـەو سـات و زەمانـەی کەتیایـدا دەژی).

(أخرجه البيهقي في شعب الايمان «٤٦٨٤»).

{لەکاتی هەبوونی وزەنگینی}

کاتێـك بـە هـەر پلـە و مەقامێـك دەگەیـت نابێـت زێـدە ڕۆیـی لـە نیعمەتەکانـدا بکەیـت.

ئـەم حاڵـتـە چەندیـن ئایـەت و نیشـانە لەخـۆ دەگرێـت کاتێـك تـۆ اللە تعالـی دەرگایەکـی ڕەحمەتـت لـێ دەکاتـەوە دەبێـت زۆر بـە باشـی شـوکرانەبژێری لەسـەر نیعمەتـەکان بکەیـت بـۆ نموونـە کـە اللە تعالـی دەفەرموێـت: [وَكُلُـوا وَاشْرَبُـوا وَلَا تُسْرِفُـوا إِنَّـهُ لَا يُحِـبُّ الْمُسْرِفِـينَ (٣١)].(الأعـراف).

واتـە: (بخـۆن و بخۆنـەوە (لـە نـازو نیعمەتـەکان) بـەڵام زیـادەڕەوی مەکـەن، چونکـە بەڕاسـتی خـوا لـە سنوور دەرچـووان و زیادەڕەوانـی خـۆش ناوێـت.)

(ئیـبن عەبـاس) لەتەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا دەڵـێ: هەرچـی دەخـۆی بخـۆ، هەرچیـش لەبـەر دەکەیـت لەبـەری بکـە، بەمەرجـێ نەگاتـە زیادەخۆریـی و، دەعیـەو فیـز کـردن.

(بوخاریی/كتاب اللباس ١٨٢/٧).

وەهەروەها ئەم باسەش زۆر گرینگە کەوا نابێت خەڵکی دەور و بەریشت مەحرووم بکەیت لەم نیعمەتانە، وەک پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (لیسَ المؤمنُ الَّذي یشبَعُ وجارُهُ جائعٌ إلی جنبِهِ). (السلسلة الصحیحة).

واتە: (ئیماندار نییە(ئیمانداری تەواو)! ئەو کەسەی خۆی تێر بێت و دراوسێکەی پاڵی برسی بێت).

چونکە بەڕاستی ئەم سەروەت و سامانە موڵکی جەنابت نییە، بەڵکوو موڵکی (الله تعالی)یە، تۆ تەنها وەکیلێکی بەسەریانەوە و نابێت خۆت ئەوەندە لەلا گەورە بێت تاوەکو وای لێ دێت بە چاوێکی کەم سەیری دەور و بەرت بکەیت بەڵام دوبارە نەخێر، تۆ خاوەنی ئەم موڵکە نیت کە هەواو فیز و پۆزی لەسەر لێ بدەیت لە پێش چاوانی دەور و بەرت، بەڵکو ئەوە الله یە کە خاوەنیەتی هەر وەك خۆشی الله تعالی دەفەرموێت: [وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ].(ال عمران١٨٩).

واتە: (وە هەرچی موڵکی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە هەمووی موڵکی خوای گەورەیە).

بۆیە بە خۆتدا بچۆرەوە ئەی برا و خوشکی بەڕێزم با چیتر غرووری نەتان گرێت لەسەر هەبوون و زەنگینی.

وە گرینگترین باس لە زەنگینیدا ئەوەیە تۆ کوفری نیعمەتەکان نەکەیت هەر وەك (الله تعالی)دەفەرموێت: [وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ (٧)].(إبراهیم).

واتــە: (خــۆ ئەگــەر بــێ بــاوەڕو ســپڵەو پــێ نەزانــبن ئــەوا بەڕاســتی جەزرەبــەو ســزام زۆر تونــدو ســەختە، لەوانەیــە ئــەو هەمــوو نیعمەتانەتــان لــێ وەر گرمــەوەو، تۆڵــەی تریشــتان بــدەم.)

بۆیــە تۆی(الله)پــێ داو دەبێــت بیــر لــەم چەنــد ئایــەت و حەدیثانــە بکەیتــەوە کــە پەیوەندیــان هەیــە بــە ســەروەت و ســامانەکەت.

{گرینگی دوعا و پاڕانەوە}

پێغەمبەر ئیبراهیم (علهم السلام) بەردەوام ئەم دوعایەی دەفەرموو: [وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ (٨٤)].(الشعراء). واتە: (ناوی چاك و شۆرەتێکی چاکم بخە سەر زاری ئەوانەی لەدوای خۆمەوە دێن تا هەمووکات بە خێر ناوم ببەن و، پەیڕەویم لێبکەن).

بەڵێ (اللە تعالی)نزاکەی لی وەرگرت و، ئێستا تەواوی گەلان بە خێر ناوی ئەبەن، تەنانەت لە نوێژە کانیشدا هەر ناو دەبرێ.
لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا دەڵێین: (کما صَلَّيْتَ علىَ إبْرَاهِيمَ وعلىَ آلِ إبْرَاهِيمَ).

هەر بۆیە کۆڵ مەدە لەدوعا و پاڕانەوە هەرشتێکت لەدڵە و دەتهەوێت پێی بگەیت، داوا لە اللە بکە و بەردەوام نزاکەت تیکڕار بکەوە، چونکە ئەگەر دوعاکەت گیراش نەبێت خۆ هەر عیبادەتە و

بۆت نووسراوە لەلای اللە!

چونکە پێغەمبەر (صلى اللە علیە وسلم) دەفەرموێ: (الدُّعاءُ هو العبادةُ). (أخرجه أبو داود (١٤٧٩)).

واتە: (نزا و پاڕانەوە عیبادەتە).

وە هەروەها عیبادەت دوو شتی تێدایە کە هەردووکیان لەدوعادا هەن:

١-نیشاندانی ملکەچی.

٢-نیشاندانی گەورەیی خودا.

وە هەوڵدەن تەنها لە (الله)بپاڕێنەوە و دوور بکەونەوە لە پاڕانەوە بۆ غەیری اللە، وەک دار و بەرد و فڵان شێخ و فڵان مەرقەد و.....، هەر وەک (اللە تعالى)دەفەرموێ: [وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي].(غافر٦٠).

واتە: (وە پەروەردگارتان فەرموویەتی: تەنها لە من بپاڕێنەوە من وەڵامتان ئەدەمەوە، ئەو کەسانەی کە خۆیان بە گەورە ئەزانن لە ئاستی پاڕانەوە لە من و لێم ناپاڕێنەوە، بە دڵنیایی ئەوانە ئەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە بە زەلیلی و ڕیسوایی و سەرشۆڕی).

وە هەروەها هیچ شتێک مەکە واسیتە بۆ نێوان خۆت و اللە تاوەکوو پەیامەکەت بۆ بە اللە بڵێت، چونکە اللە خۆی نزیکە لەبەندەکانی و گوێگرە بۆ داوایەکانی، (تەبەریی) دەڵێ: پیاوێکی

دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەر و گوتی: ئاخۆ خوا نزیك بێت، تا بەچپە وهێواش بانگی لێ بکەین؟ یان دووره تادەنگی لێ بەرز بکەینەوە؟ ئەوسا (اللە تعالی)فەرمووی: [وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ (١٨٦)].(البقره).

واتە: (هەردەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ئەوا بێگومان من لێیانەوە نزیکم گیرا دەکەم نزای نزاکاران هەرکاتێک هاوار و نزام لێبکەن دەی با ئەوانیش بەدەنگ منەوە بێن وە بڕوام پێ بهێنن بەڵکو ڕێ ی ڕاست بدۆزنەوە).

پاڕانەوەو نزاو لاڵە لەدەرگای پەروەردگاردا بناغەی بڕواو دڵسۆزی نیشان دانە، بۆیە پێغەمبەران بایەخێکی زۆریان بەدوعاو پاڕانەوە دەدا.

بەیهەقی دەفەرموێ: (بەئەبو بەکری ئەل وە راقم گووت: شتێکی وام فێر بکە کە لە اللە نزیکم کاتەوە و لەخەڵکیم بەدوورم خاتەوە، فەرمووی: ئەوەی کە نزیکت دەکاتەوە لە اللە ئەوەیە کە داوای بەخششی لێ بکەی، ئەوەیشی کە لەو خەڵکەت دوور دەخاتەوە ئەوەیە کە داوای هیچیان لێ نەکەی، چاوت لە دەستیان نەبێ، ئینجا ئەبو هورەیرەوە گێڕایەوە کە خۆشەویست دەفەرموێ: هەر کەسێ داوا لە اللە نەکا خوا رقی لێ دەگرێ)!

(کتاب: الفقه المیسر).

لەکاتی داوا کردن و دوعادا دەبێت دڵنیا بیت و یەقینی تەواوت هەبێت کە الله تعالی وەڵامت دەداتەوە، هەر وەک پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (ادْعُوا اللهَ وأنتمْ مُوقِنُونَ بالإجابةِ....).

واتە: (داوا لە الله بکەن و لێی بپاڕێنەوە بەشێوەیەک کە دڵنیابن لەوەی وەڵامتان دەداتەوە).

وە زۆر کات هەیە تایبەتن بۆ قەبووڵ بونی دوعا و نزا، بەڵام لەهەموویان گرینگتر دوو کات هەن کە ئێگجار زێڕینن بۆ قەبووڵ بوونی دوعا و پاڕانەوەکانمان، وەک لە حەدیثدا هاتووە پێغەمەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (ثِنتانِ ما تُرَدّانِ : الدُّعاءُ عند النِّداءِ ، و تحتَ المَطَرِ). (أخرجه أبو داود (٢٥٤٠)).

واتە: (دوو کات هەن:کە دوعا تێیاندا ڕەت ناکرێنەوە: لەکاتی بانگدان بۆ نوێژ و لەکاتی بارانبارین).

وە بزانە هیچ شتێک لەدوعا و پاڕانەوە بەڕێز تر نییە لەلای (الله تعالی)، چونکە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ:(ليسَ شيءٌ أكرمَ علَى اللهِ من الدُّعاءِ). (أخرجه الترمذي (٣٣٧٠)).

واتە: (هیچ شتێک نییە لەدوعا کردن بەڕێزتر بێ لەلای الله تعالی).

وە دیسان بزانە هیچ شتێک قەدەری (الله)ڕەت ناکاتەوە تەنها دوعا نەبێ، وەک پێغەمبەر (صلی اللهم علیه وسلم)دەفەرموێ: (ولا يردُّ القدَرَ إلاَّ الدُّعاء). (صحيح ابن ماجه).

واتە: (قەدەری الله ڕەت ناكرێتەوە تەنها بەدوعا نەبێت).

دوعا و پاڕانەوە دەتوانێت بەسەر دوژمنان سەرت بخات و بتگەیەنێتە ئامانج و نەتیجەیەكی زۆر چاك، هەر وەك لەباسی پێغەمبەر نوح(علهم السلام)دا هاتووە و دەفەرمویّ: [فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانْتَصِرْ (١٠) فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ (١١) وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (١٢)].(القمر).

واتە: (پێغەمبەر نوح (علهم السلام) لە خوای گەورە پاڕایەوە: ئەی پەروەردگار ئەوان زاڵ بوونە بەسەر منداو من توانای ئەوانم نیە تۆ تۆڵەیان لێ بسەنەو دینەكەی خۆت سەرخە، خوای گەورەش ئەفەرمووێ: دەرگاكانی ئاسمانمان كردەوە بە ئاوێكی خوڕو بەلێزمە، واتە: ئاوەكان لە هەوردا نەبووە وەكو باران بارین بەڵكو دەرگاكانی ئاسمانی كردەوەو بەبێ هەور ئاوێكی بێوێنە ڕژایە سەریاندا، وە هەر هەموو زەویشمان تەقاندەوە وەكو كانی تەقایەوەو ئاوی لێ دەرچوو، تەنانەت تەنوری نان كردنیش ئاوی لێهەڵدەقولا هەردوو ئاوی ئاسمان و ئاوی زەوی یەكیان گرت بۆ كارێك كە خوای گەورە بڕیاری لەسەر دابوو كە ئەبێ نقوم بن).

وە هەروەها بەڕاستی دوعا و نزا هۆكارە كە دەتوانێت دەرت بكا لە غەم و پەژارە و نەهامەتی، چونكە دوای ئەوەی كە پێغەمبەر یونس(علهم السلام)سواری كەشتییەكە بوون وە ترسان لەوەی كە

نقوم بێت، سێ جار تیرو پشکیان کرد یەکێکیان زیاد بوو فڕێی بدەنە ناو دەریاوە هەر سێ جارەکە یونس(علهم السلام)دەرچوو، بۆیە خۆی هەڵدایە ناو دەریاکەوەو نەهەنگێك قوتی دا ئەمیش لەناو تاریکی دەریاو تاریکی شەو و تاریکی سکی نەهەنگەکەدا لە خوای گەورە پاڕایەوەو فەرمووی: [أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (٨٧)].(الأنبياء).

واتە: (ئەی پەروەردگار هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی تۆ تاك و تەنهاو بێ شەریکی، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم).

{گرینگی تەوبە و گەڕانەوە}

ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس دەفەرموێ:

(ئەگەر بەندەیەك بگەڕێتەوە لای اللە عز وجل ئەگەر بەقەد تەواوی زەوی تاوانی هەبوبێت و دواتر گەرانەوەکەی لەسەر سونەت و شوێنکەوتن بێت ئەوا لەگەل پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدان دایە و هاورێی ئەوان دەبێ).

(لجامع في العقائد لعادل آل حمدان (١/١٧٥)).

هەموو کەسێک دەبێت بەردەوام بێت لەسەر تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆلای (اللە تعالی)، چونکە تەوبە و گەڕانەوە و تەسلیم بوون بۆ ژێر فەرمانەکانی اللە واجبە لەسەر هەموو مرۆڤێک. پێویستە ئینسان هەر کاتێک تەوبەی کرد لەخراپەیەک، لە موقابیلی خراپەکە دەبێت کردەوەی چاک بێنێتە جێگای و تەسلیم ببێت بە فەرمانەکانی (اللە تعالی)، هەر وەک (اللە) خۆی دەفەرموێ:

[وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ] (الزمر٥٤).

واتـە: (وە بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوای گـەورەو تەوبـە بکـەن وە خۆتـان تەسـلیمی خـوای گـەورە بکـەن).

وە هەروەهـا هیـچ ڕۆژێـک هێنـدەی ئـەو ڕۆژە بـۆ ئینسـان گرینـگ نییـە کـە تەوبـەی تێـدا دەکات و دەگەڕێتـەوە بـۆ ژێـر فەرمانەکانـی (اللـە تعالـی).

ابـن القیـم دەفەرموویـت: (چاکتریـن و سوودبەخشـترین ڕۆژ لەژیانـی بەنـدە، ئـەو رۆژەیـە کـە پەشـیمان دەبێتـەوە لەتاوانەکانـی و بـە تۆبەیـەک دەگەڕێتـەوە لای اللـە تعالـی).

(زاد المعاد ٣ / ٥٨٥).

وە هەروەهـا ڕاسـتگۆیی لەتەوبـە کـردن زۆر گرینـگ و بایەخـدار و سـوود بەخشـە، (اللـە تعالـی) دەفەرمـوێ: [یَـا أَیُّهَـا الَّذِیـنَ آمَنُـوا تُوبُـوا إِلَی اللَّـهِ تَوْبَـةً نَصُوحًـا].

(التحریم٨).

واتـە: (ئـەی بـاوەڕداران ئێـوە تەوبـە بکـەن و بـۆ لای خـوای گـەورە بگەڕێنـەوە بـەڵام تەوبەیەکـی ڕاسـتگۆ و نەصـوح، ئەوەیـە کـە مرۆڤـ بـە ڕاسـتگۆیی و بەدڵسـۆزی تەوبـە بـکات و ئـەوەی لـە ڕابـردوودا کردوویەتـی لێـی پەشـیمان بـێ، وە ئـەوەی کـە ئێسـتا لـە تـاوان ئەیـکات دەسـتی لـێ هەڵگـرێ، وە عەزیمەتـی هەبـێ کـە لـە داهاتـوودا نەگەڕێتـەوە سـەری، وە بـە دڵ پەشـیمان بـێ لـەوەی کـە ڕابـردوو کردوویەتـی، بـە زمـان داوای لێخۆشـبوون لـە خـوای

گـەورە بـكات، بـە لاشـە دەسـتی لـێ هەڵگـرێ، عەزیمەتـی هەبـێ نەگەڕێتـەوە سـەری، وە ئەگـەر مـاف و حەقـی خەڵكیـش بـوو حەقـی خەڵـكی بگەڕێنێتـەوە).

لەپێشـەوا (عومەر)یـان پرسـی: (تەوبـەی (نەصـووح) چیـە؟!

فەرمـووی: تەوبـەی (نەصـووح) ئەوەیـە كـە ئـەو كەسـە تاوانـكارە لـە تاوانەكانـی پەشـیمان ببێتـەوەو جارێكیـتر نەگەڕێتـەوە سـەریان، چـۆن شـیر هەركـە لەگوانـی ئاژەڵەكـە هاتـەدەر، جارێكـی تـر ناگەڕێتـەوە بۆگوانـی ئاژەڵەكـە).

وە هیـچ كاتێـك بـێ ئومێـد مەبن لـەوەی كـە كردووتانـە بڵێـن بەهـۆی ئـەم تاوانانـەی ڕابردوومـان ئەسـتەمە اللـە لـە ئێمـە خـۆش بێـت و هـەر بۆیـە تەوبـە ناكەیـن و ناگەڕێینـەوە ژێـر فەرمانەكانـی (اللـە تعالـی)، چونكـە (اللە)كـە لەئێمـە خـۆش نەبێـت هیـچ قازانـج و سـوودێك نابینیـن لـە تەوبـە و گەڕانەوەكەمـان.

ابـن عەبـاس دەفەرمـوێ: (كەسـانێك لـە هاوبەشـبڕیاردەران خەڵكیـان كوشـتبوو بـە زۆری، وە زینایـان كردبـوو بـە زۆری، هاتنـە لای پێغەمبـەر (صلـی اللـە علیـە وسـلم) وتیـان ئـەی محمد(صلـی اللـە علیـە وسـلم) ئـەوەی تـۆ دەیڵێیـت و بانگـەوازی بـۆ دەكەیـت شـتێكی چاكـە بـەڵام پێـمان بڵـێ: ئایـا ئـەو تاوانانـەی كـە پێشـتر كردوومانـە دەسڕێتەوەو اللـە لێمان خـۆش دەبێـت؟ (اللـە تعالـی) ئـەم ئایەتـەی دابەزانـدو فەرمـووی: [قُـلْ يَـا عِبَـادِيَ الَّذِيـنَ أَسْرَفُـوا عَـلَى أَنْفُسِـهِمْ لاَ

تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣)].(الزمر).

واتە: (ئەی محمد (صلى الله عليه وسل) بەو بەندانەم بڵێ کە ئیسراف و زیادڕەویان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا بێئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا، بەدڵنیایی خوای گەورە لە هەموو تاوانێك خۆش ئەبێ وە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە).

ابن عباس دەفەرموێ: (هەرکەسێك لە پاش ئەم ئایەتە خەڵکی بێئومێد بکات لە تەوبە ئەوا باوەڕی بە قورئانی پیرۆز نیە)!

وە گومانت وابێ کە الله لێت خۆش دەبێت، دووربکەویتەوە لەو فکرانەی کە شەیتان بۆت دێنێت و وەسوەسەت بۆ پەیدا دەکات و گومانت بۆ درووست دەکات لەوەی کە الله هەرگیز لەتۆ خۆش نابێ، (الله تعالى) لەحەدیثێکی قودسیدا دەفەرموێت: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، إِنْ ظَنَّ خَيْرًا فَلَهُ، وَإِنْ ظَنَّ شَرًا فَلَهُ). «رواه الإمام أحمد».

واتە : (لەگەڵ گومانی عەبدەکەم دام، ئەگەر گومانی باشم پێ بێت، ئەوە باشەی بۆ هەیە، ئەگەر گومانی خەراپم پێ بێت، ئەوە خەراپەی بۆ هەیە).

بۆیە پێویستە گومانی باش بە الله بەریت، گومانت وابێت کە الله

دەتوانێت لێت خۆش بێت و هیدایەتت بدات و دوورت بخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ! بەڵام دەبێت تۆش هەوڵ بدەیت و هیمەت بکەیت لەوەی کە نەچیتەوە سەر کارە خراپەکانت، نەوەك هەر دەستە وەستان دابنیشی و ڕەشبین بیت، بۆیە پێویستە لەمەو بەدوا گومانی باش بە الله بەریت و هەوڵ و تێکۆشان بکەیت و بەسەر نەفسی خۆتا زاڵ بیت و نەگەڕێیتەوە سەر ئەم پیشە ناڕەوایەنەی کە الله قەدەغەی کردووە لێت! (الله تعالی)ش یاریدەر و یاوەرت ئەبێت دڵنیابە لەوە، وە دڵنیابە ناکرێت تۆ هەمیشە بەردەوام بی لە ملکەچ کردن بۆ نەفس و ئارەزووەکانت، بۆیە هیمەت بکە و دەست هەڵبگرە لەم تاوانانەی کە لەڕابردوو و ئێستادا ئەنجامت داون!

وە بەڕاستی تەوبە و گەڕانەوە هۆکارن بۆ زیاد بوونی رزق و ڕۆزی حەڵاڵ، هەر وەک ابن القیم دەفەرموێ:

(هیچ شتێك وەکو دەست هەڵگرتن لەتاوان ڕزق ڕۆزی ناهێنێت).

(الدَّاءُوَالدَّوَاءُ ٦٣).

{گرینگی صەڵاواتدان}

پێغەمبەر(صـلی اللـه علیـه وسـلم)دەفەرموێ: (الْبَخِيـلُ مَـنْ ذُكِـرْتُ عِنْـدَهُ فَلَـمْ يُصَـلِّ عَـلَيَّ). (رواهُ الترمـذي).

واتـە: (ڕەزیـل ئـەو کەسـەیە نـاوی منـی لـەلا دەهێـنرێ و صەڵاواتـم لەسـەر نـادات).

بەڕاسـتی صەلاواتدانـی زۆر لەپیشـەی ئەهلـی سـەلەف و پیاوچـاکان بـووە، تاییـەت لـەڕۆژی جمعـە زۆر صەلاواتیـان دەدا لەسـەر پێغەمبـەر (صلـی اللـه علیـه وسـلم)، چونکـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر (صـلی اللـه علیه وسـلم) زۆریـان پـێ خـۆش بـووە کـە لـە ڕۆژی هەینیـدا صـەلاوات زۆر بـدەن لەسـەر پێغەمبـەر (صـلی اللـه علیـه وسـلم).

إبـن مسـعود فەرمـووی: (ئـەی (زەیـدی کـوڕی وەهـب) ئەگـەر ڕۆژی هەینـی بـوو، هەرگیـز واز مەهێنـە لـەوەی هـەزار جـار صـەلاوات بـدەی لەسـەر پێغەمبەرمـان (صـلی اللـه علیـه وسـلم)).

[جلاء الأفهام٤٠]

وە هەروەهـا چاکـە و فەزڵـی صـەلاوات دان زۆر گەورەیـە لەسـەر ئێمـە، یـەک صـەلاوات دان لەسـەر پێغەمبـەر (صـلى اللـه علیـه وسـلم)، موقابیلـی دە صەلاواتـە لەلایان(اللـه تعالـى)وە بـۆ بەندەکانـی!

پێغەمبـەر (صـلى اللـه علیـه وسـلم) دەفەرمـوێ: (مَـنْ صَـلَّى عَـلَيَّ وَاحِـدَةً، صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ عَـشْرًا).

(رواه مسلم).

واتـە: (هـەر کەسـێک یـەک صەلاواتـم لەسـەر بـدا، اللـه دە صەلاواتـی لەسـەر دەدا).

اللـه بەگەورەیـی خـۆی صـەلاوات دەدا لەسـەر پێغەمبـەر (صـلى اللـه علیـه وسـلم)، وە هەروەهـا فریشـتە بەڕێزەکانیـش صـەلاوات دەدەن، هـەر وەک(اللـه تعالـى) دەفەرمـوێ: [إِنَّ اللَّـهَ وَمَلَائِكَتَـهُ يُصَلُّـونَ عَـلَى النَّبِـيِّ يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا صَلُّـوا عَلَيْـهِ وَسَلِّمُوا تَسْـلِيمًا (٥٦)].

(الأحزاب).

واتـە: (بـە دڵنیایـی خـوای گـەورەو فریشـتەکان صـەڵاوات لەسـەر پێغەمبـەری خوا(صلـى اللـه علیـه وسـلم) دەدەن، ئـەی بـاوەڕداران ئێـوەش زۆر صـەڵاوات لەسـەر پێغەمبەر(صلـى اللـه علیـه وسـلم) بـدەن و سـەلامی لـێ بکـەن).

وە صـەڵاوات شـێوازی زۆرە بـەڵام باشـترینیان ئەوەیـە کـە لـە تەحیاتـدا دەیخوێنیـن.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەربارەی وەڵام دانەوەی سەلامی ئەو کەسەی کە بۆی دەنێرێت دەفەرموێ: (ما من أحدٍ يُسلِّمُ عليَّ، إلا ردَّ اللهُ عليَّ رُوحي، حتى أَرُدَّ عليه السَّلامَ).(أخرجه أبو داود (٢٠٤١)).

واتە:(هیچ کەسێک نییە، کە سڵاوم لێ بکات، ئەوە بێگومان(الله تعالى)ڕۆحەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ لاشەم، تا وەکو وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە).

بەڕاستی ئێمە هەر چەندی بەڕۆژ و بەشەو بەصەلاواتدان لەخزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دابین، هەر ناتوانین پاداشت و چاکەی بدەینەوە، و هیچ کاتێک حەق و مافی ئەومان پێ نادرێ! هەر وەک ابن القيم دەفەرموێ: (ئەگەر بەندە بە ئەندازەی ژمارەی هەناسەکانی صەلاوات لێبدات لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، هێشتا حەق و مافی نەداوە)!
(جلاء الأفهام:٣٤٤).

{سوودی ئارام گرتن و تەسبێحات کردن لەیەک کاتدا}

دوای ئەوەی کە تووشی تاقیکردنەوە و تەنگانە هاتین پێویستە ئەم دوو ئەرکە جێبەجێ بکەین تاوەکوو خۆشگوزەرانی هەردوو دونیا بین، ئەم دوو کردارە هەردووکی لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ دەکات لە دەربارەی پێغەمبەر یونس (علهم السلام).

بەڕاستی ئێمە قورئانمان لەخۆمان دوور خستۆتەوە بە بیانووی تێنەگەیشتن و نەگەیشتن بە ناوەڕۆکەکەی، بۆیە ئینسان تا چەند تەدەبووڕ لەقورئاندا بکات و ببیتە دۆست و یاری پەروەردگار زیاتر بەرەو پێش دەچێت، وبیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت و ڕێگای خۆشی و نەجات بوونی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە، و لەناخۆشی و نەهامەتی هەردوو دونیا دەپارێزرێت، هەروەك (اللە تعالی) دەفەرموێ: [اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ].(البقره٢٥٧).

واتــە: (خــوا پشــت و پەنــا و خاوەنــی ئــەو کەســانەیە باوەڕیــان هێنــاوە، لــە تاریکاییەکانــی (گومــان و ســتەم) دەریــان دەهێنێــت و دەیانبــات بــەرەو نــوورو ڕووناکــی).

هــەر وەك مەعلوومــە لای هەمــوو موســڵمانان کــەوا پێغەمبــەر یونــس (علهــم الســلام) بۆماوەیەکــی دیــاری کــراو لەنــاو ســکی حوتێکــی زەبەلاحــدا مایــەوە! وەك اللــه تعالــی دەفەرمــوێ: [فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (١٤٢)](الصافــات).

واتــە: (وە خــوای گــەورە نەهەنگێکــی نــاردو قوتــی دا، چونکــە یونــس (علهــم الســلام) قەومەکــەی بەجێهێشــت و لۆمــە کــرا).

دوای ئــەوە ئەگــەر بێــت و لەنــاو ســکی حوتەکــەدا ســوپاس و ستیاشــی خــودای گــەورەی نەکردبــا و تەســبێحات و نوێــژی نەکردبــا وەك خــودای گــەورە دەفەرمــووێ: [فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (١٤٣)].(الصافات).

واتــە: (ئەگــەر یونــس (علهــم الســلام) لەنــاو ســکی نەهەنگەکــە تەســبیحاتی خــوای گــەورەی نەکردایــە یــان نوێــژی نەکردایــە).

ئەمــە گشــتگیرە بــۆ مرۆڤایەتــی کــەوا هــەر کاتێــك توشــی هــەر نەهامەتیــەك هاتــن ئینجــا نەخۆشــیە، دەردە ســەریە یاخــوود هــەر شــتێکی تر.....پێویســتە کــەوا حەمــد و ستایشــی پــەروەردگار بکەیــن.

ئینجا الله تعالی دەفەرموێ: [لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤٤)]. (الصافات).

واتە: (ئەوە لەناو سکی ئەو نەهەنگەدا ئەمایەوە تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە).

هەر بۆیە بەڕێزانم کاتێك توشی تاقیکردنەوە و تەنگانە و نەهامەتی دێین، تەنها ئارامگرتن بەس نییە! بەڵکوو پێویستە لەگەڵ ئارامگرتنەکە ستیاش و حەمدی پەروەردگار بکەین. وە هەروەها کە ستایشی پەروەردگار نەکەین ئەوە نابێت چاوەڕوانی دەربازبوون بکەین لەو نەهامەتی و تاقیکردنەوەی کە دووچارمان بۆتەوە.

دەی با بزانین دوای ئەوەی پێغەمبەر یونس (علهم السلام) ئارامی گرت حەمد و ستایشی (الله)ی کرد چی بەسەرهات و عاقیبەتەکەی چی بوو؟!

الله تعالی فەرمووی: [فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (١٤٥)وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِنْ يَقْطِينٍ (١٤٦)].(الصافات).

واتە: (خوای گەورە فەرمانی کرد بە نەهەنگەکە لە دەمییەوە فڕێی دایە دەشت و شوێنێکی چۆڵەوە کە هیچ رووەکی لێنەبوو. ئەوسا بڕکەی کوولەکەی گەورەمان لەلا ڕواند، بۆ ئەوەی بەگەڵاپانەکانی سێبەری بۆ بکات، لەولایشەوە وەك دەڵێن: گەڵای کولەکە، مێش و مەگەزی لێنانیشێ).

ئەمـەش بەرهەمـی ئارامگرتـن و تەسـبێحات و نوێژکـردن لەکاتـی نەهامەتـی و ناخۆشـی و تەنگانـەدا.

بۆیـە موسـڵمانانی خۆشەویسـت درکمان پـێ کـرد لـەم بەسـەرهاتە پڕ پەنـد و ئامۆژگاریـەی پێغەمبـەر یونـس (علهیـم السـلام)، کـەوا لەکاتـی تەنگانـە و ناخۆشـی و تاقیکردنـەوەدا، دوو ئـەرك پێویسـتن لەسـەر ئێمـە کـەوا هیچیـان بـێ ئەویتریـان ناگونجـێ و ناتگەیەنێتـە ئامانـج، ئەوانیـش بریتییـن لـە:

١-ئارامگرتن.

٢-تەسبێحات کردنی پەروەردگار.

{گرینگی نوێژکردن و زیانی نوێژنەکردن}

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإِنْ صَلَحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ).(وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي).

واتە: (بەڕاستی یەکەم پرسیار کە لە بەندە دەکرێت لەڕۆژی قیامەت نوێژە، بەدڵنیایەوە گەر لە(نوێژەکەی) سەرکەوتوو بوو ئەوە سەرفراز دەبێت، وە ئەگەر لە(نوێژەکەی) خەراپ بوو ئەوە بەدڵنیایەوە مایە پووچ و خەسارت مەند دەبێت).

وەک چاک دەزانین نوێژ کۆڵەکەی ئاینی ئیسلامە و هیچ پۆزشێک لەو کەسە وەرناگیرێت کە وازی لێ بهێنێت لە کاتێکدا لە توانایدا بێت ولەسەری بێت، چونکە نوێژ دووەم ڕووکنی ئیسلامە و لەحەدیثدا لەدوای شایەتوومان ئاماژەی پێکراوە، و فەرزکرا لە

مەککە پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتیدا، ئەمەش لە کاتی ئیسرا و میعراج بوو، وە هەروەها نوێژ دوا وەسیەتی پێغەمبەر(صلى اللّه عليه وسلم) بووە بۆ ئوممەتەکەی.

بۆیە بەڕاستی گرینگە ئینسان درک بەوە بکات کەوا نوێژ لەسەری فەرز و واجبە، چونکە (الله تعالى) دەفەرموێ: [إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا (١٠٣)].(النساء).
واتە: (بە دڵنیایی نوێژ کردن فەرز کراوە لەسەر ئیمانداران وە کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە لە کەیەوە دەست پێ دەکات وە لەکەیدا کۆتایی دێت نابێ لەوە دوابخرێ ئیلا ئەگەر کەسێك عوزری هەبێ وەکو خەوتن یاخود لە بیرچوون ئەگەرنا لە کاتی ترسیشدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیشدا خوای گەورە ڕێگەی نەدا کە نوێژەکانیان دوابخەن وە بەجەماعەتیش فەرمانی پێ کردن کە بیکەن).

هەر بۆیە دەبێت ئەوەش بزانین نوێژ تاکە عیبادەتێکە کە لە ئاسماندا فەرز کراوە، باقی عیبادەتەکانی تر لەسەر زەویدا فەرز کراون تەنها و تەنها نوێژ نەبێت لەبەر گەورەیی و شکۆی نوێژەوەیە کەوا ئەم عیبادەتە بەتەنها لەئاسماندا فەرز کراوە!

هەروەها کەسانی نوێژکەر سەرکەوتوو سەرفرازن لەدونیا و لەقیامەت، وەک (اللە تعالی) ئاماژەی پێکردووە لەقورئاندا و دەفەرموێ: [قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (١) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ (٢)].(المؤمنون).

واتە: (بە دڵنیایی باوەڕداران سەرفرازو بەختەوەرو سەرکەوتوو بوونە لە دونیاو قیامەتدا، ئەو کەسانەی کە لە نوێژەکانیاندا هێمن و ئارامن وە دڵیان لای نوێژەکانیانەو خشوعیان هەیە).

پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم)لەبارەی نوێژەوە بە بیلالی فەرمووە:(يا بلال، أَقِمِ الصَّلاةَ، أَرِحْنا بها).

(رواه الإمام أحمد).

واتە: (ئادەی بیلال هەستە بەنوێژەکە بمانحەوێنەوە، پڕ بە باڵایانە).

چەندین هەڕەشە هاتوون لە قورئان و سوننەت سەبارەت بە کەمتەرخەمی کردن لە نوێژ، وەک(اللە تعالی)دەفەرموێ: [فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥)].(الماعون).

واتە: (هەڕەشەی قورس و سەخت و ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو نوێژخوێنانەی کە لە نوێژەکانیاندا بێ ئاگان، وە گوێی پێ نادەن هەر کاتێك بیکەن کاتی ڕۆیشتبێ و بەسەرچووبێ، یان کە بیشیکەن بۆ ڕیا ئەیکەن و چاوەڕێی پاداشت نین لە خوای گەورە، وە ئەگەر نەیشیکەن لە سزای خوای گەورە ناترسێن،

واتە: پەیوەست نین بە نوێژەکانیانەوە، جا هەر نەیکەن ئەوە هەڕەشەکە ئەیانگرێتەوە، وە ئەوانەیشی کە ئەیکەن بەڵام دوای ئەخەن تا کاتەکەی تەواو ئەبێ، یان کەموکوڕی ئەکەنە ڕوکنەکانییەوە یان مەرجەکانییەوە یان خشوعی تیادا نابێت یان بۆ ڕیا ئەیکەن و مەبەستیان پێی ڕیایە هەموو ئەم شتانە ئەگرێتەوەو سیفەتی مرۆڤی دووڕووە).

هەروەها ئینسان تەنها واز لە یەک نوێژ بێنێت، کردەوە باشەکانی تری هەمووی باطلە، ئەدی گەر واز لەهەموو نوێژەکانی تر بێنێت دەبێت چی بێت؟! وەک پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێ:

(مَن تَرَكَ صَلاَةَ العَصْرِ حَبِطَ عَمَلُهُ). (صحيح البخاري الصفحة أو الرقم:٥٩٤).

واتە: (هەر کەسێک واز بێنێت لەنوێژی عەصر کردەوەکانی هەمووی پووچ دەبێتەوە).

وە بەڕاستی کەسی نوێژ نەکەر ئەرکی لەدونیا و قیامەتدا زۆر قورس و ئەستەمە، هەروەها هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ چوونە ناو دۆزەخ(الله بمان پارێزێت).

چونکە (الله تعالى) دەفەرموێ: [مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢) قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ (٤٣)].(المدثر).

واتە: (پێیان ئەڵێن: ئەوە چی بوو ئێوەی بەرەو دۆزەخ راپێچکرد؟ وا ئێستا ئەو سزا سەختە دەچێژن..؟ وتیان: ئێمە لە دونیادا

نوێژمـان نەئەکـردو لـە نوێژخوێنـان نەبووین).

بەڕاستی زانایانی قدیم و سەردەمیش خیلافیان هەیە لەسەر کافر بوونی کەسی نوێژ نەکەر(اللە بمان پارێزێت)، چونکە هەندێک لەم حەدیث و ئایەتانە دەکەنە بەڵگە و دەلیل بۆ کافر بوونیان، بۆ نموونە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەفەرموێ: (العهدُ الذي بيننا وبينْهم الصَّلاةُ، فمَن ترَكها فقد كفَر).

واتە: (پەیمان لەنێوان ئێمە و ئەوان(موشریکەکان)، نوێژە! هەرکەسێک نەیکات و تەرکی بکات ئەوە بێگومان کافرە).

وە (اللە تعالی)ش دەفەرموێ: [وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١)].(الروم).

واتە: (نوێژەکانتان ئەنجام بدەن بە ڕوکن و واجبات و خشوعەوە، وە ئێوە لەو کەسانە مەبن و وەك ئەو کەسانە مەبن کە شەریکیان بۆ خوا داناوە).

ئینجا بەسسە بۆ کەسی نوێژنەکەر کە زانایان خیلافیان هەبێت لەسەر کافر بوونی!!

{گرینگی باڵا پۆشی و زیانی سفووری}

(اللـه تعالـی) لـه پێنـاو پاراسـتنی پاکیـزەی ئافرەتانـدا, بـۆ پاراسـتنی گیانیـان وەك ناونیشـانێك بـۆ ئیمانـی ئافـرەت بـاڵا پۆشـی لەسـەر ئافرەتـان پەیوەسـت کـردوە, بەڕاسـتی ئەمـەش لەبارتریـن و چاکتریـن واجبـه بـۆ ئافرەتـان، چونکه(اللـه تعالی)دەزانێـت چـی بۆتـۆ باشـه و چـی بۆتـۆ خراپـه، هـەر وەک فەرمان دەکات بـه باڵاپۆشـی و دەفەرمویَ:

[ذَلِـكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْـنَ فَـلَا يُؤْذَيْـنَ]. (الأحـزاب٥٩).

واتــه: (ئـەو خۆداپۆشــینەش لەبارتریــن شــته، کــه ئێــوه بــه پــاك و خاوێنـی و داوێـن پارێـزی بناسرێـن و بـەر قسـەو بوختـان نەکـەون و ئـازارو ئەزیــەت نەدرێــن).

وە هەروەهـا ڕوون و ئاشـکرایه ئافرەتـی باڵاپـۆش و حیجـاب زیاتـر شـەرمیان لـێ دەکـرێ و ڕێزیـان زیاتـر لـێ گیـراوە، چونکـه ئـەو سـام و هەیبەتـەی ئافرەتـی باڵاپـۆش هەیەتـی ئافرەتـی سـفوور لێـی مەحرووممـه و نییەتـی!

کەواتە بۆ ئەوەی خەڵکان لەپیاوان و ژنان شەرمتان لێ بکەن ببن بە باڵاپۆش و حیجاب، وە هەروەها تاوەکوو بتوانن بە ئازادی و بێ ترس بچن بۆ ئەو جێگایانەی کە مەبەستتانە.

وە بەڕاستی ئافرەتی سفوور دەبێت بزانێت ئەو قورئانەی کەوا لێی نووسراوە نوێژ و ڕۆژوو واجبن، هەر ئەو قورئانەیە کە باڵاپۆشیشی تێدا واجب کردووە، هەر وەک(الله تعالى)فەرمان دەکات و دەفەرموێ: [يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ].(الأحزاب٥٩). واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جلباب و لەچك و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوەو جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان داپۆشن).

چاک بزانە سفووری پیشەی کەسی نەفام و جاهیلە، بەداخەوە ئەمڕۆ کێ زیاتر خۆی عەرز بکات بەو دەڵێن پێشەکەوتوو، کەچی بێ خەبەرن لەوەی کە (الله تعالى)زیاتر لە١٤٠٠ساڵ بەر لەئێستا فەرموویەتی: [وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى].(الأحزاب٣٣).
واتە: (نابێ ئێوە وەك سەردەمی جاهیلیەتی زوو، زینەت و جوانی خۆتان بۆ پیاوان دەربخەن، ئەوەبوو ژنانی ئەوسەردەمە، بێ کاری پێویست لەماڵەوە دەردەچوون و جوانیی وزینەتی خۆیانیشیان دەرئەخست).

کەواتە سفوری و خۆدانەپۆشین و دەرخستنی جوانی پێشکەوتن نیە بەڵکو پیشەی ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی بووە لە پێش ئیسلامدا.

هەروەها بەڕاستی گرینگە ئافرەتان زۆر خۆیان بپارێزن لە دەرخستنی زینەت و جوانیان، هەتا دەبێت دەنگی پێڵاوەکانیان نابێت دەربچێت لەبەر ئەوەی سەرنجی پیاوانی پێ ڕادەکێشرێ، وەک(الله تعالى) دەفەرموێ: [وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ](النور٣١).

واتە: (وە با پێیان نەدەن بە زەویداو ئەوەی کە شاردوویانەتەوە لە دەنگی خەڵخاڵەکەیان یان دەنگی پێڵاوەکەیان با دەرنەکەوێت و سەرەنجی پیاو رانەکێشن، وە بۆن لەخۆدانیش دەگرێتەوە لە کاتی چوونە دەرەوە لەماڵ).

لەسەردەمی نەفامیدا ژنان بەلای خەڵکدا ئەڕۆیشتن و توند قاچیان بەزەوییدا دەداو خرەی خرخاڵ و پاوانەو بازنەکانیان دەهات تا مرۆڤ سەیریان بکات، جا (الله تعالى)فەرمووی نابێ ئەو کارە بکەن، ئێستایش گەلێ لە ژنان جۆرە پێڵاوێ لە پێ ئەکەن و لەکاتی رۆیشتندا توند بەزەویی دەدەن و تەقەی دێت!!

وە بزانە بەڕاستی لە خەسارەت مەندان دایت ئەگەر گوێڕایەڵی (الله تعالى)نەبیت، وەک (الله)دەفەرموێ: [إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ.....].(العصر).

واتــە: (بەڕاسـتی سـەرجەم مرۆڤایەتـی هـەر هەموویـان بـەردەوام لـە زەرەرمەنـدی و بـە هیـلاك چـوون و تیاچوونـدان، جگـە ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، کارە چاکەکانیـان ئەنجـام داوە).
وە چـاک دەزانیـن حیجـاب و باڵاپۆشـی یەکێکـە لەهـەرە کـردەوە چـاک و باشـەکان، کەواتـە گـەر تـۆ ئـەم فەرمانـەت جێبەجـێ نەکـرد، ئـەوە تـۆ لەخەسـارەت مەنـدان هەژمـار دەکرێی(اللـە بمـان پارێزێـت).

پێغەمبەر(صلـی اللـه علیـه وسلم)باسـی دوو چیـن دەکات کـەوا هـەر بۆنـی بەهەشـتیش ناکـەن، نـەک لێـی نزیـک نابنـەوە، کـەوا بۆنـی بەهەشـت چەندەهـا سـاڵ بۆنـی دەڕوات، یەکێکیـان لـەم دوو چینـە ئافرەتـی سـفوورە، هـەر وەک دەفەرمـوێ: (وَنِسَـاءٌ كَاسِـيَاتٌ عَارِيَـاتٌ ، مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ ، رُءُوسُـهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْـتِ الْمَائِلَـةِ ، لَا يَدْخُلْـنَ الْجَنَّـةَ وَلَا يَجِـدْنَ رِيحَهَـا ، وَإِنَّ رِيحَهَـا لَتُوجَـدُ مِـنْ مَسِـيرَةِ كَـذَا وَكَذَا).(صحيـح مسـلم رقـم: (٧١٢٣)).

واتــە: (ئافرەتانێکـن جلیـان لەبەردایـە و ڕوتیشـن، بـە لەنجـەولارەوە ڕێ دەکـەن و دەڕۆن تـا سـەرنجی پیـاوان بـۆلای خۆیـان ڕابکێشـن، قژیـان ئەبەسـتن و کـۆی دەکەنـەوە لەسـەر تەوقـی سـەریان وەك کۆپـارەی ووشـتری لـێ دەکـەن، ئـا ئـەو ئافرەتانـە ناچنـە بەهەشـتەوە و بۆنیـشی ناکـەن ، لەگـەڵ ئـەوەی چەندەهـا سـاڵ بـۆنی دەڕوات).
ئەم حەدیثە وەک تەهدید و مبالغە لە تەهدید هاتووە.

{گرینگی فەرموودە و خۆشویستنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)}

ئیمام عەلی دەفەرموێ: (ئەگەر فەرموودەیەکتان لەپێغەمبەرەوە بۆ گێڕدرایەوە ئەوە دڵنیابن کە ئەو فەرموودەیە ڕێنموییترین شتە و پارێزراوترین شتە و چاکترینی شتە).

(سنن الدارمي ٦١٣).

وەک ڕوون و ئاشکرایە کە صەحابیان زۆر گرینگیان بەفەرموودە و سوننەتی پێغەمبەر(صلى اللە عليە وسلم)داوە، چونکە وەک دەزانین فەرموودە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتە، وە هەروەها لەبەر بوونی خۆشەویستیەکی زۆری صەحابیان بۆ پێغەمبەر (صلى اللە عليە وسلم)، وە بەگەورە دانانی کۆتا نێردراوی(اللە تعالی)و هەموو قسە و کردەوەکانی، بەڕاستی پێغەمبەر(صلى اللە عليە وسلم)ئەوەندە گرینگ و بایەخدار بووە، هەتا وای لێهاتووە بێدەنگبوونەکانیشی تۆمار کراوە، کەوا هیچ کەسێک ئەم شتە گرینگەی پێ نەبەخشراوە.

بۆیە دەبێت زۆر چاک بزانین کەوا خۆشویستنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، بەجێبەجێکردنی سوننەتەکانیەتی، واتە لە شکل و شێوەت لە ئاکار و ڕەوشتت لە کڕین و فرۆشتنت لەتەربیەتدان و ئامۆژگارییت، وەکوو پێغەمبەر بێت(صلى الله عليه وسلم)، بەڕاستی ئەوە واتەی خۆشویستنی پێغەمبەری (الله)یە (صلى الله عليه وسلم)، وە هەروەها ئەو کەسەی بیهوێت سوونەت بپێکێت، دەبێت زۆر چوست و چالاک بێت لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆپاراستن لە نەهیەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

وە بەڕاستی هەر کەسێک بیهەوێت بگات بەلیقای(الله تعالى)و ببێتە خۆشەویستی (الله تعالى) پێویستی بەوەیە کەوا شوێنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بکەوێت! وەک (الله تعالى) دەفەرموێ: [قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ].(ال عمران٣١).

واتە: (ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم)پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە راستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ

خـوای گـەورە، وە شـوێنکەوتنی پێغەمبـەری خوا(صلـى اللـه عليـه وسـلم)بەڵگەیە لەسـەر خۆشەویسـتی خـوای گـەورەو هـۆکارە بـۆ دەستخسـتنی خۆشەویسـتی خـوای گـەورەو لێخۆشـبوونی تاوانـەکان).

وە هەروەهـا پێغەمبەر(صلـى اللـه عليـه وسـلم) لەدەربـارەی خۆشویسـتنی خۆیـدا دەفەرمـوێ: (لا يؤمـن أحدكـم حتـى أكـون أحـب إليـه مـن والـده وولـده والنـاس أجمعـين). (رواه البخـاري (١٥)ومسـلم (٤٤)). واتـە : (بـاوەڕی هیـچ کەسـێک لەئێـوە تـەواو نابێـت تاوەکـو مـن خۆشەویسـت تـر نەبـم لـەلای لەباوکـی و منداڵەکـەی و هەمـوو خەڵـک).

بۆیـە زۆر ئاگاداربـە تاکـە کەسـێک شایسـتەی ئەوەیـە کـە لەهەمـوو کەسـە نزیـک و دورەکانیشـت خۆشـترت بوێـت، پێغەمبەری(اللـە) يە(صلـى اللـە عليـە وسـلم).

(اللـە تعالـى) وەسـفی پێغەمبەر(صلـى اللـە عليـە وسـلم) دەکات و لەدەربـارەی ئـەودا دەفەرمـوێ: [لَقَـدْ كَانَ لَكُـمْ فِي رَسُـولِ اللَّـهِ أُسْـوَةٌ حَسَـنَةٌ لِمَـنْ كَانَ يَرْجُـو اللَّـهَ وَالْيَـوْمَ الْآخِـرَ وَذَكَـرَ اللَّـهَ كَثِـيراً (٢١)]. (الأحـزاب).

واتـە: (سـوێند بەخـوا بەڕاسـتی لەپێغەمبـەری خـوادا (صلـى اللـه عليـه وسلم) چاكترين نموونـەی تـەواو ڕێـك پێك هەيـە تا چاوی لـێ

بکـەن و شـوێنی بکـەون، بەتایبـەت بـۆ ئـەو کەسـانەی ڕەزامەنـدی خوایـان مەبەسـتە، سـەرفرازی قیامـەت ئاواتیانـە، هەمیشـە و بـەردەوام یـادی خـوا بـە زۆری ئەنجـام دەدەن و زمانیـان پـاراوە بەیـادی ئـەو).

بۆیـە چـاک بزانـن گەیشـتن بە(اللـە تعالـی) و گەیشـتن بـە پلـەی سـەرکەوتن و سـەرفرازی، شـوێنکەوتنی پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) مەرجـە!

{لەکۆتایدا}

حەمـد و سـتایش بۆ(اللـه تعالی)کـەوا بـە فـەزڵ و منەتـی ئـەوەوە توانیـم لەنوسـینی کتێبی(گەشـتێک لەگـەڵ سـەلەف) تـەواو ببـم و کۆتایـی پـێ بێنـم.

ئینجـا داواکارام لە(اللـه تعالی)کـەوا بـۆم بکاتـە تێشـووی قیامـەت و بـۆ بکاتـە جێـگای سـوودمەندی خەڵکـی، چونکـە زۆر بـە ئومێـدم کـەوا کەسێک بەهـۆی قسـەیەکی منـەوە یاخـوود بەهـۆی کردەوەیەکمـەوە هیدایـەت بـدرێ و ڕێـگای ڕاسـتی خـۆی بدۆزێتـەوە، ئەگـەر هاتـوو کەسـیش هیدایەتـی وەرنەگـرت، بـێ ئومێـد نابـم و دڵنەوایـی خـۆم دەدەمـەوە بـەو حەدیثـەی پێغەمبەر(صـلی اللـه علیـه وسـلم)کە دەفەرمـوێ: (مـن دلَّ عـلى خـيرٍ فلـه مثـلُ أجـرِ فاعلِه).(صحيـح أبي داود).

واتـە: (هەرکەسێک ڕێنیشـاندەری خێـروو چاکـە بێـت وەک بکەرەکـەی وایـە).

وە هەروەها داوای لێخۆشبوون لە(اللـه تعالی)دەکـەم لەهـەر هەڵـە و کـەم و کورتیـەک لەنوسـینی ئـەم کتێبـە، وە هـەر هەڵـە و کـەم و کورتیـەک نوسرابێـت وە لـە بابەتێکـدا نـەم پێکابـێ ئـەوە دڵنیـا بـن لەهەڵـەی خۆمەوەیـە، بـەڵام بەپێچاوانـەوە لـە هـەر بابەتێک پێکابـم و ڕاسـتیم دەرخسـتبێ ئـەوە بزانـن بەفـەزڵ و چاکەی(اللـه تعالی)یـە.

{الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات نسأل الله القبول والاخلاص}

{سەرچاوەکان}

١-الغرباء.

٢-فرض الطلب علم.

٣-میراتی سەلەف.

٤-هەستانەوەی ئوممەت.

٥-یاسا قورئانییەکان.

٦-تەفسیری ڕێبەر.

٧-تەفسیری ڕامان.

٨-مدارج السالیکن.

٩-دەریای سەلەف.

١٠-پاداشتی کارە چاکەکان.

١١-تەفسیری ئاسان.

١٢-تەفسیری جزء عم.

١٣-سوودەکانی هاوڕێیەتی پیاوچاکان.

ناوەڕۆك

(ئەم سەردەمە سەردەمی فیتنە و فەسادە گەر زۆر ئاگاداری خۆت نەبیت لەم جەنجاڵی فیتنە و فەسادە، ئەوە بەڕێگایەکی زۆر ئاسان فریو دەدرێیت، چونکە ڕێگایەکانی چوون بەرەو بەرنامەی شەیطانی گەلێ زۆرن!)

